# هونەری پەیکەرسازیی مۆدێرن

**سەرچاوە:**
فن النحت الحديث وكيف نتذوقه
تأليف: د. محمد جلال
المجلس الأعلى للثقافة/ 1998
طبع بالهيئة العامة لشؤن الأميرية/كويت

**ناوی کتێب: هونەری پەیکەرسازیی مۆدێرن**
**نووسینی : د. محەمەد جەلال**
**وەرگێڕانی : جەزا بەکر**
**بابەت: هونەری**
**مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج**
**هەڵەچنی: مهاباد رەحیم**
**کاری سەر بەرگ:** PONGOLINI GIUSEPPE
**تیراژ:** 1000 **دانە**
**نرخ:** 1500**دینار**
**ژمارەی سپاردن:** 1377ی 2007
**دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**چاپی : یەکەم ساڵی** 2008
**کوردستان ـسلێمانی**
**www.serdam.net**
**www.serdam.info**

د. محەمەد جەلال

# هونەری پەیکەرسازیی مۆدێرن

وەرگێڕانی: جەزا بەکر

سلێمانی 2008

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**کتێبی سەردەم ژمارە** (458)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
**ئازاد بەرزنجی**

# پێڕست


پێشەکی وەرگێڕ 9
پێشەکی نووسەر 10
چـۆن چـێژ لـە کـاری هونـەری وەربگـرین  لـە میانــەی
بۆچوونی فەیلەسوفەکانەوە 13
بزافی کلاسیکی نوێ / کلاسیزمی نوێ 23
ئەنتۆنیۆکانۆڤا 25
جاك ئەنتوان هۆرۆن 28
بزاڤی رۆمانسی / رۆمانسیزم 29
فرانسوارۆد 30
ئۆگست بریۆ 33
ئەنتوان لویس باری 34
جان بایست کاریۆ 35
بزاڤی ریالیزم 36
بزاڤی ئیمپرسیۆنیزم لەنێو هونەری پەیکەرسازیدا 39
ئۆگست رۆدان 41
پەیکەری سەردەمی برۆنز 44
پەیکەری بیرمەند 45

| | |
|---|---|
| تەعبیریەت ( ئێکسپرێشینیزم ) | 48 |
| ولیم لیمبرۆك | 50 |
| پەیکەری کڕنوشبەر | 51 |
| ئارستید مایۆڵ | 53 |
| ئەمیدۆمۆدلیانی | 55 |
| مارینۆ مارینی | 56 |
| پەیکەری پیاوو ئەسپ | 57 |
| سوارچاك | 58 |
| ئەلبیرتۆ جیاکۆمیتی | 58 |
| بزاڤی ڤۆڤیزم | 61 |
| هێنری ماتیس | 63 |
| پەیکەری (ژنێکی مار) | 64 |
| بزاڤی کیوبیزم | 66 |
| پاپلۆ پیکاسۆ | 69 |
| جۆرج براك | 70 |
| ئەلکسەندەر ئارشینکۆ | 71 |
| پەیکەری ژنێك لەکاتی ڕۆیشتندا | 73 |
| هێنری لۆرانس | 74 |
| بزاڤی ڤیوچەریزم | 76 |

ئەمبرتۆ بۆتشیۆنی 78
پەیکەری فۆڕمە ناوازەکان لەنێو بۆشایدا 78
بزاڤی ئەبستراکت (تەجرید) 81
تەجریدی ئەندامی 82
هێنری مۆر 83
پەیکەری کەسێکی ڕاکشاو 85
تەعبیری تەجریدی 86
پەیکەری خێزان 88
کۆنستاتین برانکۆزی 89
نائوم گابۆ 92
پەیکەری مۆبایل ( ئەبستراکت جوڵاو ) 93
وێنەی شێوەکان 97

# پێشەکی وەرگێڕ:

کاتێك دەڕوانیتە لایەنی تیۆری، لەنێو بواری هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا. هەژارییەکی تەواو لە ڕووی نەبوونی سەرچاوەی تیۆرییەوە بەدیدەکرێت، بەجۆرێك سەرسام دەبیت لەوەی کە ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر کتێب و نامیلکە بە چاپ دەگەیەنرێت. کە چی بۆ ناویش بێت سەرچاوەیەکت بە زمانی کوردی دەربارەی هونەری شێوەکاری بەرچاو ناکەوێت. ئەمەیش بۆخۆی جێگەی تێڕامان و پرسیارە!؟

ڕەنگە هۆکارەکان ئاشکرابن گەر بێتو بمانەوێت بەدەریان بخەین، ڕاستە بەدەگمەن لە ماوەی چەند ساڵێکدا، لێرەو لەوێ، کتێبێك دەردەچێت. بەڵام ئەم بۆشاییە گەورەیە بەم سستیەوە پڕ نابێتەوە. دەشێت ئێمە بیر لە زۆر ڕێگەچارە بکەینەوە بۆ بەچاپ گەیاندنی سەرچاوەی شێوەکاری، بەڵام لە هەمووی گرنگتر پێویستمان بە هەڵمەتێکی دڵسۆزانەیە، لە بواری (وەرگێڕان)دا، کە بۆخۆی یەکێکە لە چارەسەر کردنەکانی ئەم لایەنە مەعریفیەی هونەری شێوەکاری.

بزاڤی وەگێڕان بێجگە لەوەی کە دەبێتە گەنجینەیەکی پڕ لە زانیاری، هۆکارێکیشە بۆ برەودان بۆ لایەنی توێژینەوەی ڕەخنەی هونەری. بەتایبەتی لەنێو پەیمانگە و کۆلێجەکانی هونەردا، لێرەشەوە دەکرێت جۆرێك لە ئاراستەکردن بۆ نەخشاندنی زمانێکی شێوەکاری پەتی بێتەکایەوە، بەجۆرێك بەدوور بێت لە شێوازە ئەدەبیە باوەکان، کە بەشێوەیەکی حیکایەتخوانی کارە هونەریەکان شرۆفە دەکەن.

## پێشەکی نووسەر:

گومانی تێدانیە کە پێشکەوتنی هونەر لە دەرەنجامی پێشکەوتنی مرۆڤەوە دێت. پێشکەوتنی تێگەیشتنی بۆ شتەکان و چێژوەرگرتن لێیان پێشکەوتنی هیواو خواستە نوێیەکانی، هەر هەموو ئەمانە هەڵوێستی مرۆڤ لە هەمبەر هونەر دیاریدەکات، بەڵام وادیارە کە پێشکەوتنی هونەر لەم دوو سەدەیەی دوایدا پێش پێشکەوتنی چێژی ستاتیکی بینەرکەوتووە، لەبەرئەوە بینەر لە زۆربەی کاتدا هەڵوێستێکی پڕ لە بێزاری لە هەمبەر داهێنانی هونەرمەندەکان پیشاندەدات. لێرەدا گرفتێك هەیە ئەویش ئەوەیە کە چۆن هەست بەلایەنی جوانی و قەشەنگی بکەین لە نێوکاری هونەریدا ئایا لە ڕێگەی تێگەیشتنێکی هۆشیارانەوە یان لەڕێگەی هەستەوە؟ گرفتی تێگەیشتن لەکاری هونەری لەکایەدا نەبوو، بەتایبەتی ئەو کاتەی کە ستایڵی هونەری گشتی و گشتگیربوو، واتە هەموو هونەرمەندەکان پەیڕەویاندەکرد، وەکو ئەو حاڵەتەی کە لە نێو هونەری گریکی یان بێزەنتی یان بارۆکدا دەبینرێت بە ئاوایەکی دی یاساکانی ئەم ستێلانە پێوەرێك بوون و وەك بنەمایەك کارە هونەریەکانی لەسەر دادەمەزرا.

لەو سەردەمەدا هەوڵدانی نوێگەری خەسڵەتێکی پەسەندنەبوو، گەر ڕێگەشبدرایە بەو هونەرمەندە دەبوایە تاڕادەیەك پەیوەست بێت بە ڕەگو ریشەی ئەو ستایڵە گشتیانەی کە پەیڕەودەکرا، بەڵام لە نێو هونەری مۆدێرندا، پێوەرەکان وەك یاسایەکی گشتی سەیرنەدەکرا بەڵکو یاسای ستاتیکی نوێبووەوە لە پاش سەرهەڵدان و چەسپاندنی شێوازەکە. بەمجۆرە تەمەنی قوتابخانە هونەریەکان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە واهاتووە کە لە نەوەیەك زیاتر یان کەمتر بەردەوام نەبێت. بەڵکو تەمەنی بەندبووە بە تەمەنی خاوەنەکەی یان بە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانی، هۆی ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەستبوونی هونەر بە ئەزموونی سەربەخۆی ئەو هونەرمەندەوە کە هەموو ڕێبازە هونەریە باوەکانی پێتێپەڕاندووە، بەڵکو هونەر وایلێهات کە پەیوەست بێت بە هەڵوێستەوە. لەمەشدا ئازادیەکی داهێنان هەیە کە سنووری بۆنیە.

بەجۆرێك هونەری پەیکەرسازی لەمیانەی ئەم سەدەیەدا بەنێو هەموو ڕێبازەکاندا تێپەڕبووە جائیدی کیوبیزم یان سوریالیزم یان ئێکسپرێشنیزم یان ئەبستراکت بێت.

پێشەنگەکانی هونەری پەیکەرسازی لەم ساڵانەی دوایدا بە تایبەتی گەلێك فۆڕمی نوێیان پێشکەشکردووە، پەیکەرساز وایلێهات فۆڕمەکانی لە ڕەگەزی تەجریدی و ماتریاڵی وەکو بۆری و پاشماوەی خراپبوو دروستدەکرد، قەوارەی وایان لێدروستدەکرد کە پەیوەندی زۆری کەمی بە فۆڕمەکانی نێو واقیعەوە هەبوو.

گەر نکوڵی نەکەین لەوەی کە سەردەمی مۆدێرنە لەنێو ڕۆحی هونەرمەندا کردوویەتی و ئەوەی لەنەستیدا ورووژاندویەتی، هۆکاری زێدەڕۆیی و پەرگری لە داهێناندا بەدەردەکەوێت. ئەو پەرگریەی کە لە دەرەنجامی دڵەڕاوکێ و گوێ پێنەدانەوە هاتووە. بەجۆرە هونەری مۆدێرن لەیەککاتدا گوزارشتی لە ڕابردووئێستاو لە بینراو و نەبینراوو، لە ڕاستی و خەیاڵ و، لەجدیەت و بێهودەیی و، لەمادەوهزر کردووە. ستاتیکا(زانستێکی پێودانگیە) ئەوەمان بۆ بەدەردەخات کەکاری هونەری دەبێت چۆن بێت بۆ ئەوەی بەڕاستی خەسڵەتی جوانی بەسەردا ببڕێت. ستاتیکا(زانستێکی وەسفیە) دیراسەی کاری هونەری دەکات بەوپێیەی کە دیاردەیەکی مرۆییە دەچێتە نێو ناخی چالاکی ڕۆحیی بوونی مرۆییەوە. لێرەشەوە ستاتیکا هونەرمەند بەشتێك ئامۆژگاری ناکات و، بەشتێکیش ناچاری ناکات، بەڵکو ستاتیکا تەنیا توێژینەوە لە سەرکاری هونەری دەکات و، ئەوپەڕی هەوڵی دەخاتەکار لە پێناو گەیشتن بەمانای ناوەوەی قوڵایی کارە هونەریەکە بەشێوەیەکی گشتی، لەبەرئەوە کتێبەکە بۆچونی هەندێ فەیلەسوف دەخاتە ڕوو بۆ ڕوونکردنەوەو پێناسەکردنی مانای(بەهای ستاتیکی کاری هونەری)، بە جۆرێك باس لە بەهای ستاتیکی و ئەو پێودانگانە دەکەین کە ئەم بەهایانەی پێ پێودانگ دەکرێت و، چۆن چێژ لە کاری هونەری ببینین.

## چۆن چێژ لە کاری هونەری وەربگرین
## لە میانەی بۆچوونی فەیلەسوفەکانەوە

دەبێت خۆنەدەینە دەست پێوەری ڕەها لە پێوانەکردنی دیاردەی جوانیدا بەڵکو دەبێت باوەڕبە (تیۆرەی ڕێژەیی) بێنین لە کاتی هەڵسەنگاندنماندا بۆجوانی ئەوەی بەلای ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکیەوە پەسەندە دەتوانین بە جوانترین شت ناویبەرین. ئێمە کاتێك دەپرسین جوانی چیە؟ ئەوا ناتوانین بە قەناعەتێکی تەواوەوە پێناسەی بکەین ئەمەیش لەبەرئەوەی بەپێی هزرو کۆمەڵگەکان دەگۆڕێت. خەڵکی لە هەڵسەنگاندنیاندا بۆ کاری هونەری کاتێك کە بە شێوەیەکی کۆتایی بەدەردەکەوێت جیاوازن، لەبەرئەوەی ئاستی چێژکردنی جوانی نێوانیان جیاوازە.

هەموو وەزیفەی عەقڵ لە وەرگێڕانی مانای ئەو شتانەی کە دەیبینین یان گوێبیستی دەبین یان دەستی لێدەدەین یان هەستی پێدەکەین دەزانین، بەڵام مەرج نیە وەرگێڕانەکە یان خەیاڵکردنەوەکە لەیەك ئاست و پلەدابێت، ئەویش لەبەر جیاوازی چۆنێتی کەلتوور و توانستی هونەرمەندەکان لە بەرسفدانەوەی ئەو مانایانەی کە پێش وەخت لەلای هەریەك لە هونەرمەندەکان هەستیان پێکراوە ئەگەر هەستکردن بە جوانی لە خەسڵەتەکانی ئەو شتانە بن کە بە چاو

دەیانبینین، وە هەستکردن بە ئاواز و گۆرانی لە خەسڵەتەکانی مۆزیك و ئەو دەنگانەبن کە بە گوێ دەبیسترێن ئەوا ئاست و پلەی وەرگرتن و ئەزموونەکان لە خەسڵەتی پەی پێبردنە هۆشیار و بەئاگاکانە. لێرەدا هونەرمەند ڕێگەیەك بۆ گەیاندنی ماناکان دەبینێتەوە، بەستایڵ و ماتریاڵێك کە گرنتیە لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە دەیەوێت بەدەربخات و ڕایبگەیەنێت لە پێناو بەدەرخستنی ئینتیباعات و ئەو شتانەی لە ناخی خۆیدا دەیبینێت. ئەم جۆرە ڕاستیانەش دەرەنجامی گردکردنەوەی فۆرمە پەیپێبراوەکانە لە ژێر کاریگەری سایکۆلۆجیای وەرگردا.

شتێکی زانراوە ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی هەست بزواندن لە کرداری مرۆڤ خۆیەوە دەردەچێت، بەو شێوەیەی کە زەینی بۆ دەچێت یان بە خەیاڵیادێت یان بەکاریگەری بارودۆخی ژینگەی دەوروبەری و فشارە دەرونیەکان کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، کەسی هەڵچوو کەسێکی بەسۆزە، پێکهاتەی دەروونی، هەڵچوونی زێدەتری تێدایە وەك لەو شتانەی کە لە هزریدایە، لە کاتێکدا هەست و سۆز لەلای کەسی هاوسەنگ لە خودی خۆیدا بەهای نیەو بە تەنیا بەدەرناکەوێت، لەبەرئەوە هەڵچوونی ئاراستەکراو یاریدەمان دەدا بۆ پەیپێبردنی گونجاو و تێگەیشتن لە ڕاستی، بەڵام ئەمجۆرە هەڵچوونە بەرەو خەیاڵاتی موزەیەفمان دەبات.

هونەر بێجگە لە تەعبیرکردن لە ئارەزوو یان هەست بزواندن چیدیکە نیە، ئەم ئارەزووەش پشت بە هەستیاری هونەرمەندەکە دەبەستێت کەوامانلێدەکات هەست بەبەهای ستاتیکی بینراوەکان بکەین، ئەو بەهایانەی کەکەسی بێ هەست ناتوانێت بیانبینێت. شتەکانیش کە هونەرمەند دەیانبینێت بەهایەك پەیدادەکەن، ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەم شتانە پەیوەندیان بە هەڵچوون و ئارەزووەکانەوە هەیە. لەبەرئەوەی ئارەزووی کەسەکان جیاوازە پێشبینی ئەوە ناکرێت کە بەیەك شێوە شتەکان ببینن. فەیلەسوفەکانیش بۆچونیان لە مبارەیەوە هەیە، بەجۆرێك (ئەفلاتۆن) یەکەم فەیلەسوفی یۆنانیە کە گرنگیداوە بە تۆمارکردنی هەڵوێستێکی دیاریکراو لە هەمبەر دیاردەی جوانی دا.

لە سەرەتاوە هەستا بە دۆزینەوەی خەسڵەتەکانی جوانی لەنێو بونەوەرە هەست پێکراوەکان و لە نێوخەڵکیدا، بەڵام پلەبەپلە ئەم هەستکردن بە جوانیەی تاکەکانی بەرزکردەوە بۆ ئاستێکی دیکە تاکو هۆکارەکانی لەلای هەموو تاکەکان ئاشکرا بکات. بەمجۆرە تاکو گەیشتە دۆزینەوەی سەرچاوەی جوانی هەستپێکراو لە نێو نموونەی (خودی جوانی) لە جیهانی ماقوڵدا، ئەوەی کە جوانی هەستپێکراو تیایدا بەشدار دەبێت.

بەڵام هنری برجسۆن وای بۆ دەچێت کە هونەر هۆیەکە دەتوانێت توانستی پەیپێبردنی هەستی تا ئەو پەڕی سنور بەرێت لە پێناو بینینی ئەو شتانەی کە ئێمە ناتوانین بە ئاسایی بیانبینین، کاری هونەری ڕەسەن لە ڕوانگەی ئەوەوە،

کارێکی ناوازە و نوێ و بەپیتە کە پێشتر ناتوانین پێشبینیی بکەین چونکە کاری هونەری (ئەفراندنە) یان زێدەی (ئەفراندنە) بەرەهایی ڕێگەیەکی پێش وەخت نیە بۆ دەست نیشانکردنی.

بەڵام (کرۆتشە) وا پێناسەی (ستاتیکا) دەکات کە زانستێکی بێ پێوەرە، بە ئاوایەکی دی زانستێکی وەسفیە یان وەکو ناوی لێناوە (زانستی پەیپێبردنی بینگەیی یان دەستنیشانکراوە) یان زانستی تەعبیرکردنە، لە نێو کتێبەکەیدا (کۆی بۆچونەکان لە نێو ستاتیکادا) دەڵێت:"هونەر بینگەیە یان زەین ڕونیە یان بەمانایەکی دی بینینە بەچاو یان بینین بە زەینڕونی).

بڕیاری ئەوەش دەدا کە هونەر ڕوداوێك نیە یان بۆ نموونە دیاردەیەکی سروشتی وەکو دیاردەی (ڕووناکی) نیە، هەروەها بریتینیە لە دیاریکردنێکی ماتماتیکی وەکو شەش پاڵو و بازنە، لەبەرئەوە هەڵوێستی (کرۆتشە) لە هەمبەر (ستاتیکا) ئەوەیەکە (ستاتیکا) زانستی ڕەخنە گرتنە بەواتای پەسەندی بیروباوەڕی ئەزمونگەرایی یان پێوانەکردنی ئەزمونگەرایی دەکات چونکە بابەتەکەی پەیوەندی هەیە بەڕاستی ڕۆحیەوە، لەبەرئەوە ناتوانین کاری هونەری بەو شێوەیە بکەین کە بڵێین ڕوکەشێکی ماددی بەڵگەداری هەیە، لێرەدا هەڵوێستی (کرۆتشە) بەدەردەکەوێت کە دیاردە یان ڕاستی ستاتیکا بونێکی ماددی نیە چونکە ڕاستیەکی ڕۆحیەو پەیوەندی بەدەرونمانەوە هەیە.

کرۆتشە دژی ئەو بۆچوونەشە کە هونەر تەنیا وێنە یان ناوەڕۆك بێت، هەروەها ئەوەش ڕەتدەکاتەوە کە هەوڵی ڕێکەوتن لە نێوانیاندا بدات، ئەمەیش لەسەر ئەوبنەمایەی کە وێنە ئیزافە دەکرێت بۆ مادەو هەروەها بڕیار دەدا کە هونەر چالاکیەکی تەعبیریە ئیزافە ناکرێت بۆسەر کاریگەریە زیندووەکان بەڵکو ئەم کاریگەریانە بە هۆی چالاکی تەعبیریەوە فۆرمەڵە دەکرێت بەو مانایەی کە پێکهاتەی ستاتیکی لەلای (هونەرمەند) گرنگترە، بەئاوایەکی دی لە یەکگرتنی سۆز و وێنەوە بە شێوەیەکی زەینڕوونی پێکدێت، هەروەکو ئەوەی کە گوتەکەی (کانت) دووبارە بکاتەوە کە دەڵێت:"سۆزبەبێ وێنە نابینایەو... وێنەش بەبێ سۆز بەتاڵە". لە چوارچێوەی ئەم چەمکەدا جیاوازی لە نێوان زەینڕوونی و تەعبیر یان لە نێوان ناوەڕۆك و ڕواڵەت ناکات، ئەمەیش وای لە (کرۆتشە) کردکە لە گرفتی پەیوەندی نێوان هونەر و سروشت بکۆڵێتەوە، بەتایبەتی بیروباوەڕی (ئەرستۆ) لە هونەردا لەسەربنەمای کۆپیکردنەوە یان لاسایکردنەوەی سروشت بونیادنراوە، بەشێوەیەك وای لە کرۆتشەکرد بەرپەرچی ئەوەبداتەوە بەوەی کە (خەیاڵی ئەفراندن) جوانی دەبەخشێتە شتە سروشتیە جوانەکان، بە ئاوایەکی دی ئێمە کاتێك خەسڵەتی جوانی دادەبڕین بە باڵای هەندێك شتی نێو سروشت، ئەوا ئێمە لە میانەی خودی خۆمانەوە پەیپێدەبەین و بەهایەکی ستاتیکی پێدەبەخشین.

هەروەها (جۆرج سنتانیا) بڕیاری ئەوە دەدات کە هەستکردن بە ستاتیکا بریتیە لە هەستکردن بە بوونی (خێر)ێکی پەتی پۆزەتیڤانە بە شێوەیەکی تەواو، بەهای ستاتیکی خەسڵەتێکی هەیە جودای دەکاتەوە لە هەموو (بەهائاکاریەکان) و (بەهازانستیەکان)، ئەویش ئەوەیە بەهای ستاتیکی لە خودی خۆیدا تەواو کاملە، لە کاتێکدا بەهاکانی دیکە تەنیا (ئامرازێکن) یان میدیایەکن لە پێناو ئامانجێکدا داوادەکرێن.

لەبەرئەوە بەهای ستاتیکی هەیە کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە هەستەکانەوە و بەهای ستاتیکیش هەیە توانای خۆی لە یادەوەریەکانەوە وەردەگرێت و، دەبینین کە (سنتانیا) پرەنسیپەکانی ستاتیکا، کە بەها ستاتیکیەکانی لێوە بەرهەمدێت لە سێ ڕەگەزدا گرد دەکاتەوە کە بریتین لە: مادده- وێنە- تەعبیر، بەڵکو مادده ئاماژە بەو خۆشیە هەستپێکراوانە دەکات کە هەستە جیاوازەکانمان پێماندەبەخشن، بەڵام ڕەگەزی وێنەیی (فۆڕم) لە ستاتیکادا پشت بە فسیۆلۆجیەتی ئەندامە هەستیەکان دەبەستێ. ستاتیکا هەردەمێت پەیوەست بێت بە فۆڕمەوە یان وێنەیەکەوە و، دەبێت فۆڕم شێوەیەکی دیاریکراو لە خۆبگرێت، گەرچەمکی (بینا) چەمکێکی بنچینەیی بێت لە چەمکەکانی ستاتیکا، ئەمەیش تەنیا لەبەرئەوەیە کە هەموو بابەتێك دەبێت (فۆڕمێك) لە خۆبگرێت یان وێنەیەك، ئەگەرنا هەرگیز لە توانایدانیە کە کارلەدەروونمان بکات.

گەر بچینە سەرباسی ڕەگەزی (تەعبیر) دەبینین کە (سنتانیا) شرۆڤەی (تەعبیر) بە جۆرێك دەكات کە لە کۆمەڵێك کاریگەری هەڵچوون پێکهاتووە و دەلالەتێکی ویژدانی تایبەت ئیزافە دەكات بۆ سەر ناوەڕۆکی ستاتیکی هەرکارێکی هونەری، کە بەپێی جیاوازی یادەوەری و ڕایەڵەکانەوە دەگۆڕێت، کە لە نێو هزری وەرگری کارە هونەریەکەدا دێتە ئاراوە. کاتێك ئێمە جوانیەکی تەعبیری دەخەینەپاڵ دیمەنێکی سروشتی، ئەوا ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ هەندێك یادەوەری خۆش کە پەیوەندی هەیە بەو دیمەنەوە، ئەمە ئەو شتەیە کە (سنتانیا) ناویدەبات بە (جوانی تەعبیر)، بەڵام دەستەواژەی (هێزی تەعبیر) مانای ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو بابەتێك توانای ئیما بەخشینی هەیە، کەواتە (هێزی تەعبیر) کە لە نێو بابەتەکاندایە بێجگە لە کۆمەڵە بیرۆکەیەك دەربارەی بابەتەکە، کە لە نێو مێشکدایە چیدی نیە، بەڵام ڕەگەزی (چێژبەخشین) هەردەبێت ئیزافە بکرێت بۆ سەر ئەم بیرۆکانە یان ئەو یادەوەرییە، ئەگەرنا تەعبیر بەدەردەبێت لە هەرمەدلولێکی ستاتیکی.

بەڵام بیرمەندی ئینگلیزی (هربرت رید) بۆچونێکی دیکەی هەیەو، ئەوە ڕەتناکاتەوە کە کاری هونەری بەمانایەك لەماناکان بریتیە لە بەرجەستەکردنی هەندێك سۆز، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە وەزیفەی کاری هونەری تەنیا لەوەدا ناوەستێتەوە، کە هەندێك هەڵچونمان لا دروست بکات لە پێناو چێژوەرگرتنی کارە هونەریەکە، بەڵکو خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە هەندێك

بارگەی ویژدانیمان پێببەخشێت لە پێناوکارکردن بۆ هەڵهێنجانی دەلالەتەکەی و زانینی ماناکەی.

لێرەدا نموونەی هونەر وەکو نموونەی زانست وایە، لەو ڕووەوەی کە هەریەکەیان بریتین لە چالاکیەکی زهنی، کە لەڕێگایەوە هەندێك ناوەڕۆکی جیهان دەئاخنینە نێو دونیای مەعریفەیەکی دروست، کە شیاوی وەدیهێنانێکی بابەتی بێت، هەرچەندە کەوەزیفەی هونەرە، هەستێت بەم ئەرکە سەبارەت بە ناوەڕۆکی ویژدانی دەربارەی جیهان.

ئەگەرچی چارەنووسی هەندێك کاری هونەری واهاتووە کە بەدرێژایی مێژوو بەنەمری بمێنێتەوە، ئەمەلەبەر ئەوەنەبووە کە تەعبیراتی دەربارەی ئارەزوو یان چەند هەڵسوکەوتێك هەڵگرتووە. بەڵکو لەبەرئەوەیە کە هەڵگری ڕاستیە هەمەکیەکانە کە هەندێ هونەرمەندی مەزن توانیان دایبهێنن، ئەم کارانە وەکو ڕووەکێکی بینراو یان قەوارەیەکی واقعی وایە کە لە ژێر تیشکی خۆردا جێگەی خۆی کردۆتەوە، بەڵام مەبەستمان ئەوەنیە کە ئەم کارە هونەریانە واهاتووە، کە بەدەربێت لەهەر جۆرە هەڵچوونێك یان دیاردەی خێروشەڕی لە خۆنەگرتووە، یان نەگەیشتووە بە هەندێ شت کە ئاماژەبێت بۆ ئازار و خۆشی بەڵکو هەموو مەبەستەکەمان ئەوەیە کە ئەم (وەزیفە تەعبیریە) ناوەڕۆکێکی ڕاستەقینە نیە لە نێوکاری هونەریدا، ئەوە فۆرمێکە شیاوی پەیپێبردنە، مەبەستم لەو وێنەیە کە مانایەك لە ماناکانی بوونمان پێدەبەخشێت یان بەشێکە لە ڕاستی کە لە دروستکردنی مرۆڤە.

کاری هونەری پێویستە بەجۆرێك بێت، چەندین (سیاق — نێوکۆ)ی لە خۆگرتبێت، کە لەمیانەیەوە (بەهاکان) وەك تیشکێك پەخشبێتەوە، بەجۆرێك گونجاندن لە نێو ناوەڕۆکی بابەتە ستاتیکیەکەدا بکرێت لە نێوان ئارەزووی هونەرمەند بۆ ئەفراندن لەلایەك و، ئەنجامی بەدەستهاتوو لەلایەکی دیکەوە.

ئەو کاتە کارە هونەریەکە جێگەی خۆی لە نێو کارە هونەرییەکانی دیکەدا دەکاتەوە، کە هونەرمەند بە ئەنجامی گەیاندووە و دەتوانین فۆڕم و ستایڵ و جوانی لە نێودا بدۆزینەوە، هەر هەموو ئەمانە بەهایەکی زۆرەملێی و بێسەروبن نیە بەڵکو بریتیە لە بەهایەکی بینائی.

لەلایەکی دیکەوە دەبینین کە بیرمەند (ئالان **Alain**) لە تیۆرە باوەکانی ئیلهام (سروش) هەڵگەڕایەوەو، زەین ڕونیشی وەك پرەنسیپێك بۆ هونەر و ئەفراندنی ستاتیکی ڕەتکردەوە و، گرنگیدا بەگرێدانی هونەر بە پیشەسازییەوە.

هونەرمەند لە ڕوانگەی ئەوەوە سەنعەتکارە (**Artisan**) پێش ئەوەی هونەرمەند بێت.

ئەفراندنی هونەری ئەزموونێکی ستاتیکیە کە هونەرمەند ئەنجامی دەدات بەبێ هەبوونی بیرۆکەیەکی پێش وەخت، هەروەها باس لەوە دەکات کە پەیکەرساز کاتێك پەیکەرێك دروستدەکات، لە پێش دروستکردنەکەیدا بڕیارنادات کە جوانە، بەڵکو جوانی و دڵگیری کارە هونەریەکەی لە بەردەمی لە میانەی تەعبیرێکی پلەبەپلەوە دەدۆزێتەوە.

تەوەری فەلسەفەی ستاتیکی (ئالان)، بریتیە لە بەهای مادی یان ڕەگەزی مادی یان دەوڵەمەندی مادە لە ڕووی ستاتیکیەوە و بۆ ئەمەیش نموونەیەك دەهێنێتەوە کاتێك بڕیار دەدات، کە کاتێك بیرۆکە لە نێو فۆڕمدا ئامادەگی دەبێت، ئەوا ئێمە باس لە پیشەسازی دەکەین نەك هونەر، بۆ ئەوەی هونەر بەڕاستی هونەر بێت، ئەوا لە میانەی مومارەسەکردن و کاری هونەرییەوە دەدۆزێتەوە، بەدەر لە هەبوونی بیرۆکەیەکی پێش وەخت. هەروەها ڕەنگە بگەینە ئەو یەقینەی کە ئەوشتەی (ئالان) لەنێو فەلسەفە ستاتیکیەکەیدا تیشکی خستۆتەسەر، بریتیە لە وەرگێڕان و گەشە پێکردنی زۆربەی ئەو ڕەوت و قوتابخانە هونەریە مۆدێرنە هاوچەرخانەی کە بەراوردیان کردووە لـە نێـوان هونـەر و پیشەسازی لەلایەك و لە نێوان بەهای ستاتیکی و بەهاکانی دیکە لەلایەکی ترەوە.

پاش ئەوەی کە ئاشنابووین بە زۆربەی بۆچونی فەیلەسوف و بیرمەندەکان لە پێناسەکردنیاندا بۆ بەهای ستاتیکی کاری هونەری و چۆنێتی هەڵسەنگاندنی. ئەوا هەندێك ڕێباز و قوتابخانەی هونەری مۆدێرن نمایش دەکەین، لەسەرەتای بزاڤی کلاسیکی نوێ لە سەدەی نۆزدەهەمەوە، تاکو ئەبستراکت لە سەدەی بیستەم، لەگەڵ نمایشکردنی هەندێك کاری هونەری و شیکردنەوەیان وەکـو نموونەیەك دەربارەی ئەم بزاڤە هونەریانە و ئاشنابوون بە هونەرمەندەکانی لە میانەی ئەم کارانەوە.

## بزاڤی کلاسیکی نویٚ

گرنگیدان بە هونەری کلاسیکی لە سەردەمی (لویسی پانزەهەمەوە) دەستی بەدەرکەوتن کرد، لە ئەنجامی کنەوپشکنینی مێژوویی و جیۆلۆجی کەبووە هۆی ڕوودانی نیمچە شۆڕشێك یان هەڵایەك لە نێو ڕەوتی پێشکەوتنی هونەردا، لەبەرئەوە جیهان پاش کنەوپشکنینەکان چاوی خستە سەر هونەری کلاسیکی دێرین، چاکەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ مادام (بۆمباردۆ) هاوڕێی شازادە (لویسی پانزەهەم)، کە مادام بۆمباردۆ خۆی سەرپەرشتی زۆربەی کارەهونەرییەکانی نێو کۆشکە شاهانەکانی دەکرد، بەڵام پاش کۆچی دوایی (لویسی پانزەهەم) و پاش ئەوەی (ماری ئەنتوانێت) ژنی شازادە (لویسی شانزەهەم) سەرپەرشتی کاروباری هونەری لە فەرەنسا گرتە دەست، گرنگیدان بە هونەری کلاسیکی کەمیکرد.

پاش بەرپابوونی شۆڕشی فەڕەنسی و لە سێدارەدانی شازادە لە ساڵی 1793، ڕێبازی کلاسیکی سەرلەنویٚ بۆ جارێکی دیکە لە ژێر سایەی (ناپلیۆن) سەریهەڵدایەوە، ئەو ناپلیۆنەی کە ئەیویست خۆی نزیکبکاتەوە لە چینە مام ناوەندەکان، ئەو چینەی کە پشتگیری ئەم ڕێبازە کلاسیکیە نوێیەی دەکرد، نەخش و کاریگەری ئەم شێوازەی هونەر لە نێو گەلێك کایەی هونەری

جیـاوازدا بەدەرکـەوت: تەلارسـازی و پەیکـەر و نیگارکێـشان، هونـەری پەیکەرسازی کەوتە ژێر کاریگەری سەرلەنوێ گەڕانەوەی کلاسیکیەت کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم لە ئەوروپا بڵاوبوو، پەیکەرسازەکان لەو ماوەیەدا زۆرسەرسام بوون بە نووسینەکەی (وینکلمان) دەربارەی هونەری گریکی کە بەهێڵی ساناى سەنگین و بە هەیبەت دەناسرێتەوە، لەبەرئەوە خۆشەویستی زۆر بۆ شوێنەوارە دێرینەکان کۆمەڵێك حەزو خولیای دژبەیەکی لێدەکەوێتەوە، کۆمەڵگەپایەدارەکان لەسەدەی هەژدەهەم هۆگری هەستکردن بە جوانی و ستایلی بەرزبوون کە خەسڵەتی دیاریکراوی خۆی هەبوو، بۆ نموونە شازادە یان جەنەڕاڵ لەکاتی ئامادەبونیدا بۆ ئەوەی پەیکەری بۆ بکەن بەرگی (تۆجا)ی دەپۆشی، کە بریتیە لە بەرگێکی ڕۆمانی پڕ لە نەخش —یان قەڵغانی ڕۆمانی.

لە ترسی ئەوەی کە باڵای دەوڵەمەندەکان بودەڵە یان کورت یان قەڵەو نەنوێنرێت، پەیکەرسازەکان هەمیشە ئامادەبوون بۆ شرۆڤەکردنی لەشولارەکە، ئەم خەسڵەتە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی هونەری کلاسیکی، کە لەم وتەیەدا کورتکراوەتەوە:

(بەرجەستەکردنی شتەکان لە جوانترین وێنەدا)، لەبەرئەوە پەیکەرسازەکان کە پسپۆڕبوون لە پۆرترەیتدا، بڕوایان وابوو، کە لەشولار زۆر لە بناغە (قاعدة) دەچێت، لەبەرئەوە پێویستە کە بەژنوباڵای پەیکەرەکە زۆر قەشەنگتر و باڵاتر بنوێنێت، وەك لـە بـەژنوباڵای ئەوکەسـەی کەپەیکەرەکـەی بـۆ دەکرێـت،

بەدڵنیاییەوە کاتێك سەیری پەیکەرە کلاسیکیەکان دەکەین، دەگەینە ئەو بڕوایەی کە پەیکەرسازەکانی سەر بە کلاسیکی نوێ ئارەزووی دووبارەکردنەوەی بەرهەمهێنانی ئەو فۆڕمانەیان دەکرد کە لە ڕووی ئەناتۆمیەوە کامڵبوون، لە ڕاستیشدا ئەو موبالەغەکردنەش بە (کامڵبوونی جەستەکانەوە) بۆتە هـۆی ئەوەی کە هەندێ خەسڵەتی مرۆیی فەرامۆش بکەن.

لەنێو ئەو پۆرترەیتانەی کە بەرجەستەیانکردووە، بێجگە لەوەش هەموو ڕواڵەتێکی خرۆشانیان لێدەرهێناوە، لەبەرابەریشدا پۆرترەیتەکان تەنیا تەعبیر لە چەند سۆزێکی سەرەکی دەکەن وەك: تێڕامان، تووڕەبوون، سەرسـامی یـان ئەندێشە.

لە پێشەنگەکانی ئەم بزاڤەش لە ئەوروپا (ئەنتۆنیۆ کانۆڤا)یە لە ئیتاڵیاو (جین فلاکسمان) لە ئینگلتەرەو (جام برادییر) و (فرنسو جۆزیف) لە فەرەنسا و (جۆتۆفریدشادۆ) لە ئەڵمانیا و (جۆزەجین) لە ئیسپانیاو (جۆن تۆبیا سرجن) لە سوید.

## ئەنتۆنیۆکانۆڤا – A. Canova- 1757 -1822

لە شاری (یوسمانۆ) لە دایکبووە، لە نزیك شاری (بندقیە)، ئەو شارەی کە دواتر ڕویتێکرد و ناوبانگی تیادا دەرکرد بە هۆی کارەکانیەوە، کە ئەو کات تەمەنی گەیشتبووە بیست و دووساڵ، کاتێکیش لە ساڵی (1779) ڕۆیشت

بۆ (ڕۆما) نیگارکێشی ئوسکوتلەندی (هاملتۆن - **Hamlton**)ی ناسی، کە پێشەوایەتی بزاڤی "گەڕانەوەی بۆ کلاسیکیەت" دەکرد، پاش کۆچی دوایی (وینکلمان) لە ساڵی (1768).

کانۆڤا، لە ئیتاڵیا پێشەوایەتی بزاڤی گەڕانەوە بۆ کلاسیکی دەکرد و، ئەو پێشنیارەشی ڕەتکردەوە، کە ناپلیۆن خستبویە بەردەمی بۆ سەرپەرشتیکردنی هونەرەجوانەکان بەمەبەستی ئەوەی کە لە فەرەنسا بمێنێتەوە، ستایلی کانۆڤا کە تیایدا بەوردەکاری کلاسیکیەوە گرنگی بە دیراسەکردنی جستەی (ڕووت) داوە، بریتیە لە پەیکەری (ناپلیۆن سەرکەوتنی لەگەڵ خۆی هێناوە) (شێوەی 1)، کە لە ماوەی نێوان (1806 – 1808) تەواویکرد، بەڵام ناودارترین کاری کلاسیکی بریتیە لە پەیکەری خوشکەکەی ناپلیۆن (بۆلین بۆرجیزی) (شێوەی 2) کە ساڵی (1807) بەئەنجامی گەیاندووە و لەگەڵ هەرسێ پەیکەری (خۆشەویستی و نەفس)، (پەیکەرێکی پۆرترەیت)، (قونسولی یەکەم). لە کاتی شیکارکردنی پەیکەری (بۆلین بۆرجیزی-1807) بەڕوونی ڕادەی کاریگەربوونی هونەرمەند بە هونەری گریکی بەدەردەکەوێت، لەیەکەم تێڕوانیندا وەك یەکێك لە پەیکەرەکانی خواوەندی جوانی (ڤینۆس) دێتە پێش چاو، ئەوەی جێگەی سەرنجدانە، گرنگیدانی کانۆڤایە بە دروستکردنی شتەکان وەکو خۆی، هەر ئەمەیشە وای لە وەرگرکردووە کە بەسانایی سروشتی ڕەگەزێك لە ڕەگەزێکی دیکە جوودابکاتەوە، ئەم حاڵەتە

دەلالەتە کە کانۆڤا تا ئەوپەڕی خولقاندن گرنگیداوە بە کۆپیکردنەوەی شتەکان، ئەوەتانێ، ئەوە قەنەفە دارینەکەیە، کە هەر بە خۆی دەچێت و دەڵێیت بە ماتریاڵی وەکو (مس) نەخشێنراوە، کە یەکێکە لەو ڕەگەزانەی کە پەیکەرەکەی پێکهێناوە.

هەروەها گرنگیداوە بە دەرخستنی هەموو بەشەکان و لۆچی زۆر وردی ئەو ڕەگەزانە، سەرباری ئەوەش تا ئەو پەڕی ڕادەگرنگیداوە بەدەرخستنی ئەو جوانیە گریکیە، بە جۆرێك لەمیانەی ئەو جەستە مێینەوە وردی و خەسڵەتی مێینەی بەدەرخستووە، بەدەر لەوەش لەبارێکی وەهادا دروستیکردووە کە جەختکردنەوەیە بۆ دەرخستنی ئەو جوانیە، (بۆلین)ی بەڕاکشاوی لەسەر چرپاکەو لەبارێکدا بەرجەستەکردووە، کە هێڵەکانی نەرمونیانی و هارمۆنیەتی تێدایە، بە جۆرێك بۆتە هۆی بەدەرخستنی بەشەکانی. هونەرمەند پەنای نەبردۆتەبەر دەرخستنی شڵەژان لە جوڵەی پەیکەرەکەدا، لەبەرئەوە خەسڵەتی نەبزۆکی لەخۆگرتووە ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هێڵە ئاسۆییەی کە چرپاکە لەگەڵ هێڵی شاقوڵی قەدی خانمەکە دروستیکردووە، بەڵام هێڵەنوشتاوەو کەمێك چەماوەکان جۆرێك لە ڕێکپۆشی و جوانی بۆ سەرپەیکەرەکە ئیزافە کردووە.

## جاك ئەنتوان هۆدۆن — J. Hoadon

پێشەوای پەیکەری فەرەنسی بوو، لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا، لەمیانەی مانەوەی لە ئیتالیا کاریگەربوو بە ڕەوتی کلاسیکی نوێ، پاش گەڕانەوەی بۆ فەرەنسا. ڕوویکردە دروستکردنی پەیکەری پۆرترەیت بۆ ئەوەی خولیا کلاسیکیەکەی تێر بکات، لە دروستکردنی چەند پۆرترەیتێکی شاعیری فەیلەسوف (ڤۆلتێر)دا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. هەروەها توانیویتی وردترین تەعبیر بەدەرخات لەسەر ڕوخساری ئەو پەیکەرە (نیوە)یەی (شێوەی 3) کە ساڵی (1781) بە ئەنجامی گەیاند لەگەڵ ئەو پەیکەرە (تەواوە)ی (فولتێر) (شێوەی 4)کە لەسەر کورسیەك دانیشتووە.

سەرباری ئەوەش، دەبینین (هۆدۆن) گرنگی بەدەرخستی وردەکاری و چرچولۆچی ئەو بەرگەداوە کە هەموو لەشی(ڤۆلتێر)ی داپۆشیوە، بێجگە لەسەری و هەردوو دەستی کە سەرەتای بەدەرکەوتنی ڕۆمانسیەتی پێوەدیارە، لەوەش زیاتر گرنگیدانێتی بە وردەکاری دەموچاوی لەگەڵ تەعبیری دستەکانی کە لەسەر کورسیەکە دایناوە. پەیکەرسازی فەرەنسی لەسەدەی نۆزدەهەمدا کاریگەربوو بەو ڕووداوانەی کە (گەل) پێی هەستان بۆ پارێزگاریکردن لە دەستکەوت و مافەکانی. پەیکەرسازەکان لە ساڵی (1830)وە دەستیانکرد بە موبالەغەکردن و پەنابردنە بەر خەیاڵ لە نێو بەرهەمەکانیانداو ڕوویانکردە

میتۆدی بارۆکی، کە زۆر گونجاوبوو بۆ ئەو موبالەغەکردنەی کە هەوڵیان بۆ دەدا، لەبەرئەوە پەیکەرسازی لە ستایڵی کلاسیکی دوورکەوتەوەو ستایڵی پەیکەری ڕۆمانسی جێیگرتەوە.

## بزاڤی ڕۆمانسی:

زۆرێك لە نوسەرانی وەکو (بۆدلێر — Boud laire) و (جۆفییە — Giufiet) هەوڵیانداوە پێناسەی ڕۆمانسیەت بکەن، لە کۆتاییدا بۆیاندەرکەوت کە ئالۆزیەکە لەوەدایە کە سنورێکی جێگیر بۆ (ناماقوڵیەت) و (ناعەقلاّنیەت) دابنرێت. لەبەرئەوە لە جیاتی هەوڵدان بۆ ڕوونکردنەوەی پێکهاتەو سازکردنەکان، هەوڵیاندا نەخش و کاریگەری ئەزموونەکانی دووبارەبکەنەوە، لەبەرئەوە لەلای هەندێك، ڕۆمانسیەت بریتیە لەگەردەلولێکی کاولکەر، کەچی لەلای هەندێکی دیکە، بریتیە لە شەماڵێکی پاکژی بەسوود.

لەبەرئەوە واباشترە کە لە نێوپەیکەرێکی دیاریکراودا بەدوی ڕۆمانسیەتدا بگەڕێین، وەك لەوەی باس لەوەبکەین کە پەیکەرسازی ڕۆمانسی ڕاستەقینە، ئەو هونەرمەندەیە، کە سەرکەوتوو دەبێت لە فشار خستنەسەر کەسایەتی وئۆرجینالّی خۆی، کاتێك دەیەوێت خودی کەسایەتیە ڕاستەقینەکەی بەدەرخات، بەدەرلەوەی وەك کەسێکی ئەکادیمی فۆڕمێکی دێرین بخوازێت و زیندانی بکات و گەشەی ئاسایی کۆت و بەند بکات، (ستیندالّ) لە کاتی

پێناسەکردنی (هونەرمەندی ڕۆمانسی)دا ئەم دەستەواژەیەی بەکاربرد، بەتایبەتی لە بواری پەیکەرسازیدا، ئێمە ڕووبەڕووی ئاستەنگێکی گەورەتر دەبینەوە لە کاتی دیاریکردنی هەندێك کاری دیاریکراودا کە دەڵێین ئەوە کارێکی ڕۆمانسیە، بەڵام لە ڕوانگەی ئێمەوە لەوانەیە کارێکی ئێسك گران و زۆرجاریش خەمناك بێت. پەیکەرسازە ڕۆمانسیەکان و نیگارکێشەکان لە ڕکابەریدابوون لە پێناو گەڕانەوەی سیمای قارەمانە ئەفسانەیی و مێژووییەکان.

کاتێکیش (فرانسوا ڕۆد - **F. Rude**) و (بۆسێو - **Bosio**) و (تریکۆتی - **Triqueti**) بڕیاریاندا جارێکی دیکە سەدەی شازادە دێرینەکان دووبارە پێشکەشبکەنەوە، بانگەشەی ئەوەیانکرد کە ئەوان دووبارەو جارێکی دیکە تەعبیراتی دروست و سیمای دروستیان بەدەرختەوە لەڕێی سوودوەرگرتن لەو وەسفانەی کە لە نێو ئەفسانەکاندا هەن.

## فرانسوا ڕۆد F. Rude

ڕۆد، بە پەیکەرسازێکی ڕۆمانسی واقعی دادەنرێت هەرچەندە دەبوایە بێلایەن بوایە، لەبەرئەوەی لە هەندێك کاتدا هانی ستایلی تەقلیدی دەدا، لە ناودارترین کارەکانی (کۆچکردنی خۆبەخشەکانە) کە لە ماوەی نێوان (1833 – 1836)دا دروستکردوون بۆ جوانکردنی دیواری (کەوانی سەرکەوتن) لە پاریس، ئەم دیواربەندە بەناوی (مارسیلیز) (شێوەی 5) ناوبانگی دەرکردووە،

بریتیە لە کارێکی پەیکەرسازی (دیواربەند)، کە لەسەرداوای (لویس فیلیپ) بونیاتنراوە، کە هەوڵیدا بۆ ئەنجامدانی جوانکاری ئەم کەوانە، کە لە ساڵی (1806) دەستکراوە بە دروستکردنی. تێبینی حاڵەتێکی شانۆیی لە نێو هاوارکردن و جوڵەی ئەو کچەدا دەکەین کە لە بەشی سەرەوەی کارەکەدا وەکو سیمبولێکی نیشتمانی دروستکراوە، هەروەها ئەو کچەی کە هاوار دەکات وا بەدەردەکەوێت کە لەگەڵ سنوری (بینای پەیکەری یادداشتەکەدا) ناگونجێت، هەروەها پاڵەوانێتی سەربازە جوڵاوەکان بریتیە لە تەعبیرکردن دەربارەی ڕووداوەکان پاش شۆڕش، ئەو شۆڕشەی کە تەعبیر لە نیشتمان پەروەری دەکات. دەربارەی ئەم کارە، (ڕۆدان) دەبێژێت:"بەمجۆرە دەبینین کە هونەرمەند دەتوانێت لە نێو هونەری پەیکەرسازیدا نەك بەتەنیا زنجیرەی جوڵەکان بەڵکو ڕووداوێکی دووورودرێژیش پێشکەش بکات".

بۆ ئەوەی هونەرمەند سەرکەوتووبێت، ئەوا پێویستە لەسەری کەفیگوراتەکانی بە ڕێکخراوی دروست بکات تاکو وەرگر بتوانێت سەرەتاو بەردەوامی ڕووداوەکان ببینێت"، هەر لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت:"دەبینین کچەکە سیبمولێکە بۆ ئازادی و نیشتمان، کاتێك لە نێو هەوادا لە شەقەی باڵەکراوەکانی دەدا و پڕبەدەنگی هاوار دەکات (ئەی ئازاکان بڕۆن بۆ جەنگ)، هەروەها دەستی ڕاستی بەرزکردۆتەوە تاکو هەموو خۆبەخشەکانی تەنیشتی لە خۆیگرێت، وەبە شمشێرەکەی دەستەکەی دیکەی ئاماژە بە دوژمنەکان ئەداو

قاچەکانی کراونەتەوە هەروەك ئەوەی لە حاڵەتی ڕۆیشتندابێت، کچەکە بە ئاشکراو ڕوونی دەبینین، چونکە هەژمونێکی تایبەتی لە نێوبەشی سەرەوەی کارەکەدا هەیە و وەك تاجێك وایە لەسەر سەری پانۆڕامای سەرکەوتن، وە لەبەشی دووەمی تابلۆکە جەنگاوەرەکان دەبینین کە بەرەو پێشەوە هەڵمەت دەبەن، بەجۆرێك سەربازێکی فەڕەنسی دەبینین کە بەرگێکی وەکو پێستی شێری لەبەردایە و بەدەستی خوزە سەربازیەکەی بەرزکردۆتەوەو کوڕەگەنجەکەشی لە تەنیشتیەوەیە، هەروەك ئەوەی کە بیەوێت لەگەڵ باوکیدا بچێت بۆ جەنگ.

بەڵام لەبەشی سێهەمدا، پیاوێکی پیر دەبینین کە دەیەوێت بە سەربازەکان بگاتەوە، پیاوێکی دیکەش دیارە کە سەربازەکان دەنێژێت، بەڵام لە نێو بەشی چوارەمدا تیروکەوان هاوێژێك دەبینین کەپشتی چەماندۆتەوە تاکو تیرەکەی لەسەر ڕابگرێت و پیاوێکی تر دەهۆڵ دەکوتێت و بانگی هێزەکان دەکات و ڕمێکی بەدەستەوەیە ئاماژەی پێدەکات بەرەو پێشەوە، وەکو ئەوەی ئاماژەبدات بە سەرەتای دەست پێکردنی جەنگ، هەروەها دەبینین کە هونەرمەند توانیویێتی هەموو ئەو شتانەی کە لەناو ناخی خۆی و گەلەکەیدایە بگۆڕێت بەکارێکی هونەری وەها کە فۆڕم و ناوەڕۆك ئاوێتەی یەکدی بکات.

## ئۆگست بریو — A. Preulet

بنـەماکانی پەیکەرسـازی لەگـەڵ هونەرمەنـد (دانجیر)دا خوێنـدووەو، سەرسامبووە بە هەندێك لە پەیکەرسازە بەناوبانگەکانی پێشوو، وەکو (مایکل ئەنجیلۆ) و (جرمان بیلۆن) و بەکاری ڕۆمانتیکی بەناوبانگ بووە، کە بەرگێکی شاعیری و خەیاڵێکی داهێنراوی کردووە بەبەردا، یەکەمجار کۆمـەڵێك لـە کارەکانی خۆی لە گالێری (1833) نمایشکرد. لەو سەردەمەدا نوسەرەکان لەو باوەڕەدابوون کە هونەری پەیکەرسازی لـە نێوکایـەی هونەریـدا، کـەمترین سەرکەوتنی بەدەست هێناوە لە تەعبیرکردن دەربارەی ڕۆمانـسیەت، بـەڵام ئۆگـست بریـو بـەرەنگاری ئـەم بیرۆکەیـە بـوەوە، لـە ڕێـی سـتایلە گەردەلولەییەکەیەوە کە پیاوانی ئەکادیمی دژی وەستانەوە، ئەمەیش لە نێو بابەتی (کوشتن – 1834)دا (شێوەی 6) بەدەردەکەوێت، کە پڕیەتی لە تۆقان و کێشمەکێش.

لە نێو ئەم کارەدا دەبینین کە (بریو) بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵ بابەتەکەدا نەکردووە، هەروەها هەبوونی پێکهاتەیەکی تەقلیدی نابینین، وەکو ئەو حاڵەتەی کەلەلای کلاسیکیەکان دەیبینین، تەنانەت یەکێکی وەکو (فرانسوا ڕۆد)ی ڕۆمانتیکی دەبینین کە فۆڕمە مرۆییەکانی بەشێوەیەکی ڕەق و تیژ کەرت دەکات کە پێشتر شتی وەها نەبینراوە یان جۆرێـك ڕێکخـستنی خەیاڵی لە نێو سروشتی پەیوەندی نێوان ئەو فۆڕمانەدا لـە نێـو کارەکـەدا

دەبینین، کە پەیوەست نیە بەیەك گۆشە نیگای بینینەوە، بەڵکو هەوڵێداوە بەپێی توانا تەعبیرەکە بەدەرخات چەندیش دژی ئەو بنەماو ڕێسا هونەریە ڕۆژئاواییانە بێت کە لەو سەردەمەدا پەیڕەودەکران. لەگەڵ پەیڕەدنمان بەو ڕەگەزە دیاریکراوو هەڵچونانەی کە لە سەردەم و چاوو دەستەکان و ئەو ترس و تۆقانەی کەلەسەر فیگوراتەکان بەدیاردەکەون، بەڵام دەتوانین هەست بە پەشێوی جوڵەیەکی توندوتیژبکەین، کە تەعبیر لە ناوەڕۆکی بابەتەکە دەکەن نەك لە ڕواڵەتەکەی، ئەمەیش دەرەنجامی ئەو لادان و شێواندنەیە کە پەنایبردۆتەبەر بەمەبەستی بەدەستهێنانی زۆرترین بڕی هێڵی تێکڕژاو یەکتربڕ بە شێوەیەکی توندوتیژ.

## ئەنتوان لویس باریی — A.L.Barye

لویس باری بەکارە برۆنزیەکانی بەناوبانگەو، لە سەرەتایی ژیانیدا لەسەردەستی (گرۆ) و (بریۆ) خوێندویەتی، هەروەها تێبینی ئەوەدەکرێت کە هەندێك لەبابەتی کارەکانی لە شێوازی گریکی کلاسیکیەوە وەرگرتووە. ئەم حاڵەتەش لە نێو گروپی (لابس و قەنتورس- 1849 لەگەڵ تیسیاس زۆرانبازی لەگەڵ قەنتورسدا دەکات —1850) (شێوەی 7) بەدەردەکەوێت.

بەڵام ئەوکارانەی کە بەڕاستی تەعبیر لە بزاڤی ڕۆمانتیکی دەکەن، لەنێو گروپی پەیکەری ئەو گیانلەبەرانەدا بەدەردەکەوێت کە ناوبانگی پێدەرکردووە،

لە نێو ئەم کارانەدا تەعبیری لە ڕۆمانسیەتێکی پڕ لە جوڵەی بەهێز کردووە، ئەمەیش لە نێو پەیکەری (پڵنگ و بزنەکێوی)دا (شێوەی 8) بەدەردەکەوێت.

## جان بایست کاریۆ – J.P.Careaux

ئەم پەیکەرسازە هەمان ڕێچکەی (ڕۆد)ی گرتۆتەبەر لە تەعبیرکردن لە ڕاستی و دورکەوتنەوە لە خەیاڵ، ئەم حاڵەتە وایلێکرد کە سۆزی پیاوانی (گالێری) بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، یەکەم خوێندنیشی لەسەردەستی (ڕۆد)دا بووە، هەروەها لە ساڵی (1853)دا ڕۆیشتووە بۆ ڕۆما و لەوێ پەیکەرگەلێکی بەناوی (ئۆجۆلیۆو و مناڵەکانی) لە ساڵی (1860) بەئەنجام گەیاندووە کە لە (دانتی) شاعیرەوە وەریگرتووە، لە کاتێکدا ئەم کارە هونەریە بەسەرسامیەکی زۆرەوە لە ڕۆما پەسەندکرا، کەچی پیاوانی پەیمانگەی هونەری لە پاریس بۆی بە پەرۆش نەبوون. پاش گەڕانەوەی (کاریۆ) بۆ پاریس کەوتەگەڕان بەدوای جوڵەی هارمۆنی لە نێوکارەکانیدا و لە نێوپەیکەری هەڵتۆقیودا (بارز)، گەیشتە ئەو مەبەستەی، بە تایبەتی لە نێو پەیکەری (سەما 1868 – 1869)دا(شێوەی 9) کە بۆخانەی ئۆپێرای دروستکردووە، بەجۆرێك گرنگی بە تەعبیری جوڵە ئامێز و هەڵچوونی سەردەم و چاوەکانداوە.

## بزاڤی ڕیالیزم

ڕەوتی ڕیالیزم بەپەرچەکردارێکی دژ بەڕەوتی ڕۆمانتیکی دادەنرێت، هەر وەك چۆن ڕەوتی ڕۆمانتیکی پەرچەکردارێك بوو لە دژی ڕەوتی کلاسیکی نوێ. ئەمەیش بەومانایە نایەت کە ڕەوتی ڕیالیزم لەم سەردەمەدا گەشەکردنێکی نوێ گەشەی کردووە، بەڵکو بونی لە نێو هەموو قوتابخانەو دەوڵەتەکاندا هەبووە.

بەشێوەیەك هەموو کارێکی هونەری بڕێك لەواقعیەتی تێدایە، بەڵام سەرهەڵدانی واقعیەت وەك ڕەوتێك نوێیە کە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەری هەندێك شۆڕشی ئابووری و باری کۆمەڵایەتی تایبەتی.

ئەم گۆڕانکارییانەش بەشێوەیەکی تایبەتی لەنێو شۆڕشی (1848-1852)ی فەرەنسیدا خۆی دەنوێنێت، بەجۆرێك سەردەمی (لویس فلیپ) کۆتایهات و کۆماری دووەم دامەزراو سەردەمی هونەر لە پێناو هەموو تاکێکدا دەست پێکرد، هونەرمەندی داهێنەر وایلێهات ئەوەی ڕەتدەکردەوە کە تەنیا وەزیفەی ڕازاندنەوەو جوانکردن بێت وەك ئەو حاڵەتەی کە لە سەدەکانی پێشوودا بلاوبوو، بەڵکو سوربوو لەسەر ئەوەی کە دەبێت لەنێو کۆمەڵدا ڕۆڵی هەبێت و لە خزمەتی هەمووان‌دا بێت.

بزاڤی ڕیالیزم لە نێو بابەتەکانیدا لە خەیاڵ و داهێنان لایدا، هەروەها لە گۆڕانکاریە ڕۆمانتیکیەکانیش بەدوورکەوتەوە، دروشمەکەی بریتیبوو لە (نواندنی شتەکان وەك ئەوەی کە هەیە)، ئەم خەسڵەتەش لە نێو پەیکەری (ژنێکی دانیشتوو)ی (پۆل دیبو-Paul Duloi)دا دەبینرێت (شێوەی 10) کە بریتیە لە ژنێك کە لەسەر کورسیەك دانیشتووە، هەروەك ئەوەی کە خۆی بۆ وێنەگرتن ئامادەبکات، لەم کارەدا گرنگی بە وردەکاری دەموچاو و چرچولۆچی جلوبەرگەکانی داوە، کە بەمەبەست هەولێداوە وەکو خۆی دروستی بکاتەوە، بەپێچەوانەی ئەو حاڵەتەی کە هونەری کلاسیکیی کاری پێکردووە.

هونەرمەندەکانی ئەم ڕەوتەش بریتین لە (گۆستاف کۆربیە — G. Coutbet 1819-1877) و (هۆنۆردۆمییە- H.Daumier -1808-1879) و (دامت —Dampt- 1854-1946) و چەند هونەرمەندێکی دیکە هەن.

بەرهەمی ئەم هونەرمەندانە بینەرانی پێشانگەکان و ڕەخنەگرەکانی سەرسام کردووە، بەجۆرێك زۆربەی کارەکانیان باس لە کرێکار و جوتیاران دەکات، ئەم هونەرمەندانە بەوە تاوانباردەکران کە بەکرێگیراوی سۆسیالیستین. لەگەڵ ئەم دژایەتیکردنەی هونەرمەندە واقعیەکان و ئەو بابەتانەی کە وێنەیان کێشاوە، بەڵام خەڵکی سەرجادە بەسانایییەکی زۆرەوە سەرسامبووە بەم کارانە، خەڵکی ئاسایی لە جیاتی خۆتێهەڵقورتان لە کێشەی ستاتیکی یان ڕامیاری لایدا بەلای چێژوەرگرتن بەوەسفەکانی خۆی دەربارەی ئەم کارانە. لە نێو

پەیکەری (ڕیڤالتا -Rivalta)دا(شێوەی 11) کە بریتیە لە پەیکەری کچێك کە بەهێمنی دەڕواو نامە دەخوێنێتەوە. دەم وچاوی پاکژی وهێمنی لێدەبارێت، ئەمەیش بۆ خۆی تەعبیر لە چونە نێودنیای خوێندنەوەی ئەم نامەیەدەکات، ئیدی نامەکە لە براوەبێت یان لە خۆشەویستەوە گرنگ نیە، بەڵکو ئەو لە ناوەڕۆکی نامەکە ڕازییە، ئەم ڕازیبوونەش لەسەر تەعبیری ڕوخساری بەدیاردەکەوێت کە جوانی پێبەخشیوە.

بەڵام پەیکەری (ماچی نەنك) (شێوەی 12) کە (دامت) بە ئەنجامی گەیاندووە، بەشێوەیەکی سەنگین و جوان بەدەردەکەوێت و، کارەکە زیاتر چێژمان پێدەبەخشێت لە دەرەنجامی ئەو خۆشیەی کە لەسەر ڕوخساری مناڵەکە بەدەردەکەوێت، کە تاکو دێت زیاتر لە نێو دەستەکانیدا لە ئامێزی دەگرێت، هەروەها ئەوەش بەدیدەکەین کە هونەرمەند تاڕادەیەکی وەها گرنگی بەبەرجەستەکردنی تەعبیری ڕوخسارو وردەکارییەکانی داوە کە ئارەقەی سەر ڕوخساری مناڵەکەو گەردنی نەنکەکەی بەوپەڕی واقعیەتەوە بەرجەستەکردووە.

## بزاڤی ئیمپرسێونیزم لە نێو هونەری پەیکەرسازیدا

ئیمپرسێونیزم بریتیە لە گواستنەوەی هونەر لە واقعیەتی کلاسیکیەوە بەرەو واقعیەتی مۆدێرن لە دەرەنجامی پەیوەستبوونی بە تیۆرەی (شیکردنەوەی ڕووناکی، بەمەیش دیدگای هونەری لە هەندێ یاساو ڕێسای ئەکادیمی لە چۆنێتی دەربڕیندا بۆ سروشت ئازاد بوو.

بە ئاوایەکی دی هونەرمەندە ئینتباعیەکان بە گرنگیەوەگرنگی سەیری ڕووناکیان دەکرد و وەك ڕەگەزێکی ئەکتیڤ تێیان دەڕوانی لە ڕووی ئەو گۆڕانە (چاوەکیانە)بەصەریانەی کە بەسەر فۆرمە جێگیرەکانی نێو سروشت دێت، کاتێك ئەو ڕووناکیە دەکەوێتە سەری لە ساتە جیاوازەکاندا. نیگارکێشەکان هەوڵیاندا ئەم گۆڕاندنانە لە نێو وێنەکانیاندا تۆماربکەن، ئەمەشیان لە ڕێی چوونە دەرەوە یان بۆ نێو سروشت بە ئەنجام گەیاند لە پێناو دروستکردنی چەندین وێنەی هەمان دیمەن و لە ماوەیەکی کەمدا.

بەمجۆرە ڕواڵەتی فۆرمە جێگیرەکان تێکشکێنران و گۆڕان، بە چەندین شەبەنگی ڕەنگی پێکهاتوو لە پەڵە ڕەنگی لە تەنیشت بەیەکدی، کە دواجار قەوارەی ماددی فۆرمەکان پێکدەهێنن، ئەمەیش لەسەر هونەری پەیکەرسازی ڕەنگیدایەوە، پەیکەرتاشەکان بەهەمان شێوە چونە نێو سروشت بۆ گەڕان وەدوی کاریگەریەکانی ڕووناکی لەسەر ڕووکەشی فۆرمەکان و، کاریگەری

ڕووناكیان بۆ تێكشكاندنی سنوره ڕەق و(out line) جێگیره‌كانی بارسته‌ی په‌یكه‌ره‌ساف و سواخدراوه‌كان به‌كاربرد، له‌ میانه‌ی دروستكردنی تێكسچه‌ری زبرو شه‌پۆلاوی له‌سه‌ر ڕووی په‌یكه‌ره‌كان، كه‌ زیندوێتیه‌كی زۆری پێده‌به‌خشێت له‌ ده‌ره‌نجامی ئه‌و كارلێكردنه‌ به‌رده‌وامه‌ی جوڵه‌ی ڕووناكی.

به‌ڵام هونه‌رمه‌ندی په‌یكه‌رتاشی ئینتباعی له‌ كاره‌كانیدا بۆ به‌رجه‌سته‌كردنی (چركه‌ساته‌كان) هه‌رپه‌یوه‌ستبوو به‌ ستێڵی (واقعیه‌وه‌). ئه‌و پێشكه‌وتنه‌ی كه‌ په‌یكه‌رتاش له‌ ڕووی ستێڵی جێبه‌جێكردنی شێوه‌كارییه‌وه‌ كردی، بریتی بوو له‌ ده‌رختنی (تێكسچه‌ر) له‌سه‌ر ڕووكه‌شی په‌یكه‌ره‌كه‌، كه‌ هونه‌رمه‌ند به‌مه‌به‌ست له‌ كاتی كاركردندا (به‌ئامێری كانزایی) یان په‌نجه‌كانی دروستی ده‌كرد بۆ ئه‌وه‌ی جۆرێك له‌ چاڵوچۆڵی و شه‌پۆل له‌سه‌ر ڕووكه‌شی فۆڕمه‌كه‌ جێبهێڵێت.

به‌مه‌یش ڕووكه‌شه‌ ساف و لوسه‌كان ده‌گۆڕان به‌ڕوكه‌شێكی ئاڵۆز و زبری پڕ له‌ تێكسچه‌ری كارلێكردو له‌گه‌ڵ ڕووناكی، كه‌ ته‌عبیری له‌ هه‌ڵچوونه‌كانی هونه‌رمه‌ند ده‌كرد، به‌مه‌یش هونه‌ر قوتاری بوو له‌واقعێتی بابه‌تگه‌رایی و بارسته‌ی په‌یكه‌ره‌كان له‌ هێڵ و سنوره‌ نوندو ڕه‌قه‌كان ئازاد بوون، فۆڕم ڕزگاركرا، كه‌ به‌كاریگه‌ری شكاندنه‌وه‌ی ڕووناكی له‌سه‌ر فۆڕمه‌كه‌ جۆرێك له‌ بزۆكیان له‌ خۆده‌گرت. به‌م شێوه‌یه‌ یان به‌مجۆره‌ ستێڵه‌ شێوه‌كاریه‌، كاریگه‌رییه‌ ڕه‌نگیه‌كان و گۆڕانه‌كانی ڕووناكی له‌ هونه‌ری نیگاركێشاندا گواسترایه‌وه‌ بۆ نێو

هونەری پەیکەرسازی، بۆ ئەوەی ئەو کارلێکردنانە پەخش بکاتەوە کە بەهۆی داڕشتنی بارستەی پەیکەرەکانەوە دێتەگۆڕێ، بەتایبەتی کاتێك کە تێکسچەری پەیکەرەکەی لەگەڵ ڕووناکی کارلێکدەکات.

هونەرمەند سوودی لە جوڵەی بەریەککەوتنی (ڕووناکی) لەگەڵ (تەنەکانی نێو سروشت) بینیووە، لە چۆنێتی ڕێکخستنی جوڵەی دابەشکردنی (سێبەرو ڕووناکی) لەسەر ڕووکەشی بارستەی پەیکەرەکە، بەمەیش پەیکەرسازی ئینتباعی سوودی بینیوە لە بەکاربردنی توانستەکانی توخمی (ڕووناکی) بۆ (جەختەکردنەوە) لەسەر ئیمپرسێونیزم. ئەم ڕێگە هونەرییە کەدەروازەی والآکرد بۆ زیاتر سەربەخۆیی و ئازادی لە دەست کۆیلەیەتی بینینی دیاردەگەرایی (فۆڕم) زیاتر قوڵبوونەوە لە نێو نهێنیەکانی خودی کاری هونەری و، هەروەها قوڵبوونەوە لە نێو کاری هونەری بەشێوەیەکی گشتی. گەر خوازیاربین لە هونەری ئینتباعی شارەزابین لە میانەی هونەرمەندەکانی ئەم بزاڤەوە، ئەوا پێویستە کە قسە دەربارەی پەیکەرساز (ئۆگست ڕۆدان) بکەین کە بەپێشەوای ئەم بزاڤە دادەنرێت.

## ئۆگست ڕۆدان A-Rodin

ڕۆدان ساڵی (1840) لە پاریس لە دایکبووە، باوکی کارمەندبوو لە دەزگای پۆلیس، هەر لە منداڵیەوە وانەی نیگارکێشی و هەروەها پەیکەرسازی

لە وەرشەی پەیکەرساز(**Bary**) خوێندووە. ڕۆدان لە کارەکانیدا هەوڵیداوە خۆی لە ڕێسا ئەکادیمیەکان دەرباز بکات. لەم پێناوەشدا بەرەو(ئیتاڵیاو ئەڵەمانیا) سەفەری کردووە، توێژینەوەی لەسەر کارەکانی (مایکل ئەنجیلۆ) کردووەو لەمیانەی ئەو ستیڵەی کە کاریپێکردووە، هەوڵیدا گرنگی بەجوڵەو وردترین حاڵەتی تەعبیری جوڵەبدات. بێئەوەی گرنگیبدا بە فۆڕمی واقعی. لەبەرئەوە لە سەرەتاوە ڕووبەڕووی جۆرێك لە دژایەتی کردن بووەوە. لە ناوازەترین و ناودارترین کارەکانی (ڕۆدان)، (دەرگای دۆزەخە) کە تایبەتە بە مۆزەی هونەری نەخش و نیگار، شایانی باسە لە ساڵی (1880) وە دەستی بە دروستکردنی ئەم کارەکرد دواتریش بەهەمان ستێڵ کارەکانی دیکەی خوڵقاند، بەڵام پەیکەری سەردەمی برۆنز (**L'aged**) کە لە ساڵی (1876)دا بە ئەنجامی گەیاند هەڵایەکی گەورەی نایەوە، ئەمەیش بەهۆی ئەوەوەبوو، کە ئەوانەی ڕکابەری (ڕۆدان)بوون، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد گوایا ئەم پەیکەرە ڕاستەوخۆ لەسەر (مۆدێلی زیندوو) دروستکراوە.

بەڵام گروپی (بۆرژوازی کالیە) (شێوەی 13)، کە لە شەش فیگور پێکهاتووەو گوریسێکی ئەستور پێکیەوە گرێداون، بەشاکارە نەمرەکانی دادەنرێت، ئەم پیاوماقوڵانەش (قوربانی بوون) لە پێناو شکاندنی گەمارۆی(ئینگلیز) کەبەسەر شاری (کالیە)دا سەپاندبووی.

بەلاّم كاتێك كە پەیكەری (بەلزاك)ی بەئەنجام گەیاند، لەلایەن ڕەخنەگرو ئەدیبەكانەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەو سكالاّبوەوە، دواجار لە سالّی (1900) زیاتر ناوبانگی دەركرد، كاتێك كە لە گۆڕەپانی(ئەلما -Alma)ی پاریس پێشانگەیەكی بۆ كارەكانی خۆیكردەوە. ڕۆدان لە سالّی(1917) كۆچیدا وایكردووەو سەرجەم كارەكانی بوونە مولّكی دەولّەت، كە دواجار كردیە مۆزەیەكی تایبەت لە مالّەكەی خۆیدا.

ڕۆدان پەیكەری بەستێلّی واقعی چارەسەردەكرد، ئەو وایدەبینی كە فۆڕم بریتیە لە بەرزی و نزمی، لە كارەكانیدا هەولّێنەداوە كە ڕوكەشەكان بسوێنەوە لە پێناو سافكردنیدا, هەروەك چۆن كلاسیكیەكان ڕوكەشەكانیان سافدەكرد.

بەلّكو ڕۆدان بەمەبەست شوێنەواری لێدانی ئامێرەكانی لەسەر ڕووكەشی بەردەكان جێدەهێشت، تاكو تەعبیر لە شلّەژان و خرۆشان بكات، كاتێك كەڕووناكی لەسەر ڕووكەشەكە دەشكێتەوە. باشترین نموونەش پەیكەری(پیاوە لوت شكاوەكەیە)، ئەم پەیكەرە جەخت لەسەر ئەوەدەكاتەوە كە ڕۆدان هەولّی بەرجەستەكردنی كەسێتی خۆی دەدا وەك لەوەی لایەنی(جوانی) بەدەرخات.

بەلاّم پەیكەری(بیرمەند)، پەیكەرەكانی(مایكل ئەنجیلۆ)مان وەیاد دێنێتەوە، بەلاّم پەیكەری(پیاوە لوت شكاوەكە) سەرەتایەكە بۆ قووتاربوون لە ستێلّە كلاسیكیە دێرینەكان. بێجگەلەمانەش ڕۆدان چەندین پۆرترەیتی بەئەنجام گەیاندووە، وەك پەیكەری خۆشەویستەكەی(ڕۆز).(شێوەی 14-15).

## شێوەی 16) The AGE of Bronz : پەیکەری سەردەمی برۆنز -

ڕۆدان ئەم کارەی بەسروش(ئیلهام) وەرگرتن لە خوێندنەوەی(جان جاك ڕۆسۆ) وەرگرتووە کە باشترین نوسەرە بەلایەوە، بەجۆرێك کاریگەرییەکی گەورەی لەسەردانابوو، ئەوەبووە هۆی ئیلهامی ئەوەی کاری پەیکەری مرۆڤێك دروست بکات کە ڕەنگدانەوەی خرۆشی پاکژی تێدا بەرجەستەبووە. بۆ ئەم مەبەستەش هونەرمەند سەربازێکی بەلجیکی کردە(مۆدێل) و لە ئەنجامدا ئەو پەیکەرەی لەسەردروستکرد کە بەڕوتی و بە قەوارەی سروشتی لە(بۆرەك) بەرجەستەی کرد. یەکێك لە ڕەخنەگرەکان دەربارەی ئەم کارە دەڵێت:"ئەوە یەکێکە لەو پیاوانەی کە بە بەردی هاتۆتە دنیاوە".

سەرباری ئەوەش سەفەرەکەی ڕۆدان بۆ ئیتالیا ساڵێك پێش دروستکردنی ئەم پەیکەرە، سودێکی گەورەی هەبوو لە بۆ بەئەنجام گەیاندنی کارەکەی، ئەمەش لە کاتێکدایە کەبینینی کارەکانی هەردوو هونەرمەند (مایکل ئەنجیلۆ) و (دوناتیللۆ) زۆرکاریان تێکرد.

پەیکەری(سەردەمی برۆنز) کە وێنەی پیاوێکی ڕووت کە دەستەکانی بەرزکردۆتەوە دەنوێنێ هەر بەپەیکەری(کۆیلەی بەندکراو)دەچێت،(وێنەی 17). ئەو پەیکەرەی کە(مایکل ئەنجیلۆ) بۆ گۆڕستانی(جولیوس)ی دووەمی

دروستکرد ودواتر ڕۆدان ئەم پەیکەرەی لە سەرەتاکانی(1877) تەواوکرد و لە ژێر ناوی(سەردەمی مس) نمایشکرا. بە جۆرێك کە تۆمەتی زۆریان خستەپاڵی بەبیانوی ئەوەی گوایا قاڵبەکەی لەسەر(مۆدێلی زیندو) دروستکردووە، بەڵام ڕۆدان توانی کەسێتی و دیدەنیگای خۆی بەدەرخاو هەوری بەدگومانی بڕەوێنێتەوە کە چواردەوری گرتبوو. ئەویش بەوەی کە پەیکەری پیاوێکی ئاسایی بەقەوارەیەکی گەورەتر لە سروشتی خۆی دروستکرد.

## پەیکەری( بیرمەند، هزرڤان–The Thinker ) :- ( شێوەی 18 )

پەیکەری هزرڤان بەشێکە لە بیرۆکەی بنچینەیی(دەروازەی دۆزەخ) کە بە ڕۆحی بابەتەکە دادەنرێت. بەجۆرێك ڕۆدان دەربارەی ئەم پەیکەرە بۆ ڕەخنەگری هاوڕێی(مارکڵ ئادەم–Marcel Adam) دەدوێ:-

"پەیکەری بیرمەند چیرۆکی خۆی هەیە، هەر لەزووەوە بیرۆکەی دەروازەکانی دۆزەخ هەیە کە(دانتی) لەبەردەم دەرگاکە لەسەر بەردێك دانیشتووە. لەقەسیدەکەی خۆی ڕاماوە، پشتەوەشی لە کەسایەتیەکانی(کۆمیدیای یەزدانی) بەرجەستەبووە.

بەڵام ئەم پرۆژەیە بەئەنجام نەگەیشت و پشت بەست بە ئیلهامی یەکەمجار بیرمەندێکی دیکەی دروستکرد، پیاوێکی ئاسایی لەسەر بەردێك دانیشتووە هەردوو پێکانی لە خوارەوە نزیك بەیەکدی داناوەو دەستێکی لە ژێر چەناگەی

داناوەو خەودەبینیٚ و بیریش دەکاتەوە. دەرەنجام بیرۆکەکە لە مێشکیدا پەرەی سەندو فراوانتربوو تا ببێتە خاڵێك نەوەك خەوبینێك، قەدی پەیکەرەکە بەرەو ناوەوە بەلای چەپدا ڕۆیشتووە، بەجۆرێك پێچەوانەی حاڵەتی قاچەکانێتی و زنجیرەیەك لولخواردنی لەنێو پێکهاتەکەدا خولڤاندووە، کە ڕەهەندێکی دراماتیکی بۆ ئەو حاڵەتە نێگەتیڤەی مەچەکی چەپ دروست کردووە کە لەسەر ڕانی چەپی و بەتەنیشت دەستی ڕاستیەوە دایناوە کە لەگەڵ جوڵەی سەریدا تەعبیر لە بیرکردنەوەیەکی قوڵ دەکات.

دەتوانین خەسڵەتەکانی هونەری ڕۆدان لەم خاڵانەی لای خوارەوەدا کورتبکەینەوە:

1- پشتبەستنی بە(زەین ڕونی و سروش-الحدس والألهام) کردویەتیە پێشەوای ڕەمزییەکان.

2- گرنگیدانی بە(مانای سیمبول) لە نێو بابەتەکانیدا.

3- پشتبەستنی بەواقیع لە هەندێ لە کارەکانیدا بەتایبەتی لە پەیکەری سەردەمی برۆنزدا.

4- هونەری لە ئەکادیمیەت ڕزگارکردو دەروازەشی لەبۆ ڕێبازی(حرفیت) پەیکەرتاشی والاکرد.

5- ڕۆدان پشتی بە ڕام کردنی چرکەساتە بزاوەکان دەبەست لە نێو بابەتەکانیدا، کاتێکیش کە دەموچاوەکانی دروست دەکرد، هەوڵیدەدا کە

فۆڕمەکەی تەواونەکات تاکو بزاڤە ناوەکیەکانی نێوی بەدەردەکەوێتەو بوار بۆ خەیاڵی وەرگر جێبهێڵێت تاکو پێکهاتەی وێنەکەی تەواو بکات، لەوەی پێشوتر کە باسمان لێوەکرد، گرنگترین پرەنسیبە فیکری و ئیمپرسێونیزمە شێوەکاریەکان لەم خاڵانەی لای خوارەوە کورتدەکەینەوە:

1ـ سوود بینین لە کاریگەری و گۆڕانە ڕاگوزەرو تێپەڕەکان کە ڕووناکی لەسەر ڕووکەشی تەنەکان لە نێو سروشتدا پەخشیدەکاتەوە و گرنگیدان بە ڕواڵەتی ڕووکەشی ئەو قەوارانەی کە لە دەرەنجامی چاڵوچۆڵی پێکهاتووەو ڕەهەندی تەعبیری و خودی دەبەخشێتە پەیکەرەکە.

2ـ بەکاربردنی بزاڤی ڕووناکی بۆ ڕێکخستنی بزاڤی قەوارەی بارستەی پەیکەرەکان.

3ـ دەرچوون لە ڕێساو یاسا ئەکادیمیەکان، کە هەژموونیکردووە بەسەر هونەری پەیکەرسازیدا، لە ڕێی تێکشکاندنی سنورە ڕەقەکانی فۆڕمە لوس وسافکراوەکان و چونە نێو سروشت و ئیلهام وەرگرتن لە بابەتەکانی نێو ژیانی ڕۆژانە و گرنگیدان بەلایەنە تەعبیریە خودیەکان.

ئیمپرسێونیزم بزاڤێکی شێوەکاریە، وەدوی پەیوەندییەکانی نێوان بەریەککەوتنی ڕووناکی و ڕووکەشی فۆڕمەکان دەگەڕێت، تاکو جوڵەو زیندوێتی پێببەخشێت، پاش ئەوەی کە جاران پەیوەندیەکە تەنیا بریتی بوو

لەبەردەرخستنی توانستی بەرجەستەکردنی فۆڕمەکان بەمەیش ئیمپرسیۆنیزم ڕێگەی لەبەردەم تەعبیریەتدا خۆشکرد لە نێو هونەردا.

## تەعبیریەت (ئێکسپریشنیزم)

تەعبیریەت لە ساڵی(1885)دا بەدەرکەوت، و بەگرنگترین بزاڤە ڕزگاریخوازەکان دێتە ئەژماردن. یەکێکە لەوپایانەی کەلە سەدەی بیستەمدا هونەری مۆدێرنی لەسەردامەزرا. هونەرمەندە ڕاستیەکانی نێو ڕیەڵی، کەوا بە چاودەبینرێت فەرامۆش کرد، لە پێناوی تەعبیرکردن لە ناوەوەی دەرون.

تەعبیریەت دژەکردارێك بوو، لە هەمبەر ڕێبازی ڕاشنیالیزم و ئەزمونگەرایی لە نێو هونەردا، تەعبیریەت دەربازبوونە لە شێواز و قاڵبە باوەکان لە نێو سروشتداو، هەوڵدانە بۆ پێکەوە ژیان لەتەك سروشتدا لە میانەی ویژدانەوە. تەعبیریەت هەوڵیدا چەند شێوازێکی تەعبیری بدۆزێتەوە، لەبەرئەوە زیادەڕۆیکرد لە شێواندنی فۆڕمەکاندا، بەمەبەستی دورکەوتنەوە لە کۆپیکردنەوەی ڕیەڵ وەك خۆی و، هەوڵیدا چارەسەرێك بدۆزێتەوە و پەیوەندی نێوان هونەرمەندو بابەتی ستاتیکی شرۆڤە بکات، لەبەرئەوە هونەرمەند پەنا دەباتەبەر موبالەغەکردن لە تەعبیرەکانیدا، کە هەر بە هونەری باڕۆك دەچێت، بەتایبەتی لە ڕووی باری هەڵچونەکانیەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنیە کە هەموو هونەرمەندەکانی سەربەم بزاڤە لەیەکدی دەچن. بە جۆرێك دەبینین

كە(ئارستيدمايول) هەرچەندە سەر بەبزاڤی تەعبيريەتە، بەلاّم كارەكانی جياوازە لەگەلّ زۆربەی هونەرمەندەكانی سەربەم بزاڤە، بەلاّم بێجگە لەو كارەی كە ناوی(ڕووبار)ە (شێوەی 19)، كە بريتيە لە جولّەيەكی بەتاو، هەرچەندە(مايول) پەنادەباتە بەرساناكردنەوەی فۆرمەكانی,بەلاّم هەولّدەدا بارگەيەكی تەعبيری بەپێی ئەو بابەتەی كە ئاماژەی بۆ دەكات بخاتەڕوو.تەعبيريەت لەهەولّەكانيدا نزيكدەبێتەوە لە دۆزينەوەی بەها ستاتيكيە نوێيەكان , بەجۆرێك هەندێك لە هونەرمەندەكانی پەنايان بردە بەر هونەری بەرايی(بدائي)، تەعبيريەت لەلايەنی تەعبيركردنەوە سودی لە دووخەسلّەتی(كلاسيكيەت و ڕۆمانسيەت) بينيوە، ئەو دووخەسلّەتەش لەسەر دوو هۆكاری گرنگ ڕاوەستاون، كە هەر خەسلّەتەو بەجيا لايەنگرانی خۆی هەيە. بە جۆرێك كە كێشمەكێش و ڕكابەری لە نێوانياندا دەخولّقێت بەهۆی جياوازی ديدەنيگای هەريەكەيانەوە.

هۆكاری يەكەم(فيزيكيە)، پەيوەستە بە سروشتەوە و گرنگی دەدا بە ديراسەكردنی جەستەكان و ئەو لايەنە تەعبيريانەی كە پێويستيان بەسەربەستی تەعبيركردنە، هەروەها ئەو موبالەغەكردنانەی كە هێلّ و بەشەكانی ديكەی جەستەكە سەبارەت بەيەكدی پێكی دەهێنن.

بەلاّم هۆكاری دووەم، هۆكارێكی دەروونييە، بەرپرسە لە تەعبيركردن لە هێزە سايكۆلۆجی و پالّنەرە زيندوەكان و مۆركێكی پڕ لە هەلّچوون وەردەگرێت.

جا ئیدی لە ڕێی تەعبیرکردن بەو هێڵانەوە بێت، کە چەند شوێنەوارێکی دیاریکراوی حاڵەتی هەڵچوون و سایکۆلۆجی دەبەخشێت بە ڕووخسار و جەستەکان یان لە ڕێی بەکاربردنی ڕەنگەکانەوە بێت، کە یارمەتیدەرە بۆ بەدەرخستنی مۆرکی هەڵچوونی فۆڕمەکە. لەو ڕوانگەیەوەی کە خەسڵەت و سیفاتی سایکۆلۆجی و کاریگەری خۆی هەیە لە نێودەرونی مرۆڤایەتیدا.

تەعبیریەت، مانای دەربڕینە، بە زمانی فۆڕم و ڕەنگ و قەوارە و، ڕووناکی، وسێبەر، دەربارەی بەهایەکی هونەری کە هونەرمەند هەستی پێدەکات و دەیەوێت لە میانەیانەوە هەست و سۆزی تایبەتی خۆی بگەیەنێت بە کەسانی دیکە.

بریتیە لە بەرجەستەکردنی کەسایەتی شاراوەی هونەرمەندەکە، تاکو کاربکاتە سەر بەرامبەرەکەی(وەرگر)، لەم ڕوانگەیەشەوە(لیمبرۆك و ئارستیدمایویل و مۆدلیانی و مارینی و جیاکۆمیتی) بەناودارترین هونەرمەندانی بزاڤی تەعبیریەت دێنە ئەژماردن.

## **ولیم لیمبرۆك**- W.Leam Bruck 1881 -1919

ئەم پەیکەرسازە ئەڵمانیە و پاش ئەوەی لە(دوسلاورف) خوێندی، ساڵی(1906) بەرەو ئیتاڵیا و فەڕەنسا بەڕێکەوت. وەئیدی لەوێ ستێڵە تەعبیریە پێشکەوتوەکەی بەدەرکەوت. کە قەوارەکانی تێدا ساناکردبووەوە.

بەتایبەتی درێژکردنەوەی جەستەی مرۆڤ و ئەندامەکانی، کە ستێلی(غوطی — گوتی)مان وەبیردێنێتەوە، ئەمەیش زیاتر لە نێو پەیکەری(لاوێکی دانیشتو)دا بەدەردەکەوێت.

هەرچەندە پەیکەرەکانی جۆرێك لەناسکی پێوە دەبینرێت، بەڵام تێبینی ئەوەدەکەین کە فیگوراتەکانی ڕەنگدانەوەی هەستی بارگرانی ژیانی پێوەدیارە.

کارەکانی ولیم فۆرمەڵەیەکن لە گەڕان وە دوی داڕشتن و حاڵەتی شێوەکاری نوێ، لە پێناو وەدیهێنانی ڕەهەندی نوێ، لەبەرئەوە فیگوراتەکانی هەڵگری خەسڵەتێکی شێوەکاری بێهاوتان، کە درێژکۆلەیی و لاوازی جەستە بەسەریدا زاڵە، هەروەها گرنگیدان بە ناوەڕۆکی پڕ لە هەڵچوون، کەلە ڕێی داڕشتن و ڕێکخستنی قەوارەکانەوە هاتۆتە بەرهەم، بێجگەلەوەی کە هەستی خەمناکی و کارەسات لەسەرکارەکە هەژموونی هەیە.

## پەیکەری کڕنوشبەر–The Fallem 1915 :–( شێوە 20 )

لیمبرۆك لەم پەیکەرەدا، دیدگایەکی شێوەکاری نوێی بۆ داڕشتنی فۆڕمی مرۆڤ پێشکەش کرد. فۆڕمەکە، گۆڕاوە بەجۆرەها پەیوەندی شێوەکاری کە هەڵگری چەندەها تەعبیری بەتاوە. پەیکەرەکەی کە بارێکی ئاسۆیی درێژەوەبوی هەیە، لەسەر بنکەیەکی شێوە لاکێشەیی داڕشتووە، بەجۆرێك گیانی تەعبیریەت بەسەر ڕێکخستنی قەوارەکانیدا زاڵە.

باری نوشتانەوەی کڕنوشبردنی بارستەکە، هەستی نەبزۆکی و ئارامی لە خۆگرتووە، و داڕشتنی قەوارەکان، بزاڤی ڕیتمەکان لە نێوبۆشایدا فۆڕمەڵە دەکات. بارستەی قەدە بەرزبوەکە، بەهۆی قەوارەی دەست وپێکانیەوە لەسەر بنکەی بۆشاییەکان گیربووە، کە بە هۆیەوە پەیوەندیەکی ڕیتمی لەتەك قەوارەکان هێناوەتە گۆڕێ، لە دەرەنجامی ئاڕاستەی دەست وپێیەکانی بەرەوپێشەوەو دواوە، داڕشتنی جەستەکە لە جوڵەی کڕنوشبەرەکە و لاوازیەکەی، وجوڵەی دەستە پێچ خواردووەکەی پشت سەرە شکستخواردووەکەی کەموبالەغەکردن لە ملەکەیدا هەیە. هەڵگری ڕەهەندێکی تەعبیری خەماویە لە نێو جەستەی پەیکەرەکەدا. بێجگە لەوەش حاڵەتی تەریبوونی(قەد)ی پەیکەرەکە لەگەڵ بنکەکەیدا، جەخت لەسەر نەبزۆکی جوڵەی بارستەکە دەکاتەوە، بەهۆی پێوەلکاندنی چوارپەلیەوە لەگەڵ بنکەی پەیکەرەکە، تاکو پەیوەندی بۆشاییەکانی پێ دروست بکات، بەمەش پەیوەندی ڕیتمی ئاڵوگۆڕکراو لە نێوان قەوارەو بۆشاییەکانی نێوانیان بەدەردەکەوێت.

تێبینی دەکرێت کە(لیمبرۆك) قەوارەی جەستەکان ئیختیزال دەکات و هەندێ وردەکاری دەهێڵێتەوە، کەکارناکاتە سەر داڕشتنی پەیکەرەکە، ئەمەیش کارلێکردنی ڕاستەوخۆی قەوارەکان لەگەڵ (تیشکی ڕووناکی)دا زیاتر دەکات.

چونکە ڕوناکیەکە بەبێ ئەوەی هیچ وردەکاریەك ببێتە ڕێگر لەبەردەمیدا بەسانایی لە قەوارەیەکەوە بۆ قەوارەیەکی دیکە پەخشدەبێتەوە، بزاڤی ڕیتمی قەوارەکان، لە دەرەنجامی پەیبردنی هونەمەندەوە سەرچاوەی گرتووە، بەرامبەر ڕەگەزی(ڕووناکی) و ئەو سێبەرانەی کە دروستی دەکات. ئەم جوڵەی ڕووناکیە لە نێوبۆشایی و بەرجەستەکردنی بارستە لولەکیەکان بەدەردەکەوێت و نەرمونیانیەکەشی لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤەوە خواستووە.

لیمبرۆك دەبێژێت:"بەبێ هێڵی دەرەوە(**out-line**) یان ڕووبەرێکی سێبەراوی، هونەر نیە". ئەمەیش پەیبردنی هونەرمەند بەدەردەخات، لەبەرامبەر گرنگی ئەم ڕەگەزانە لە دیاریکردنی پەیوەندیە شێوەکاریەکانی پەیکەردا، فۆڕمی پەیکەری سێ ڕەهەندی لە دەرەنجامی داڕشتنی فۆڕمەوە، لە ڕێی کۆمەڵێك ڕەگەزەوە لە نێو بۆشایدا بەدیدێت بۆ ئەوەی بەرجەستە بێت.

## ئارستید مایۆڵ- Aristid Maillol- 1861-1944 :-

ئارستیدمایۆڵ، لە (بانلیبس) لە باشوری فەرەنسە لە دایکبووە. ژیانی هونەری لە سەرەتاوە وەك نیگارکێش و دیزاینەری چنین دەست پێکردووە، تا ئەو کاتەی یەکێك لە هاوڕێکانی ڕێنمایی دەکات بۆ قوتابخانەی هونەری نەخش ونیگار لە پاریس و تیایدا سەرەتاکانی هونەر دەخوێنێت، دواتریش پەیوەندی دەکات بە قوتابخانەی هونەرەجوانەکان، پاشان دەبێتە ئەندام لە ئەنجومەنی

شارەوانی، پێشتر دیراساتەکانی(مایول) تایبەت بوو بە نیگارکێشان، بەڵام شاکارەکانی مۆزەی(لۆڤەر) سەرنجی ڕادەکێشن و زۆر ئارەزووی دەچێت بەلای هونەری ئیشی دەست، بەڵام ویستی قەدەر وابوو کە لە نێو هونەری پەیکەرسازیدا خۆی ببینێتەوە، بە تایبەتی پاش ئەوەی چاوەکانی تووشی کێشەی تەندروستی دەبن.

مایول سەرسام بوو بە هونەری(ڕۆدان) و (بوردیل)، بەڵام بەدوور لەو حاڵەتە تراجیدیە مرۆییەی کە(ڕۆدان) پێی ناسرابوو، هەروەها دوور لەو سیمبوڵە نەتەوەیی و مانا ئەدەبیانەی کە(بوردیل) دەیویست لە ڕێگەی پەیکەرەوە تۆماریان بکات، بەڵام(مایول) لە کارەکانیدا ڕێبازی تەعبیری گرتەبەر، کاتێك دەستیکرد بە تەعبیرکردن لە جەستەی ڕووتی ژن بۆ بەدەرخستنی ئەو هەست و سۆزەی کە لە جەستەی مرۆڤدا ڕەنگدەداتەوە، هەروەها ئەو پێکهاتانەی کە پێویست بوو پەیکەرەکانی لە باری ڕاوەستان و دانیشتن بێت. وەك پەیکەری(ژنێکی دانیشتو) (شێوەی 21) یان پەیکەری(ژنێکی ڕاوەستاو) (شێوەی 22). ئەو لە هەڵبژاردنی ستێلەکەیدا بۆ چارەسەرکردنی ئەم جۆرە بابەتانە، جەستەی ژنی نیشانداوین، لە ڕێگەی بارگاویکردنی ڕووکەشی پەیکەرەکە بە زۆرترین بارگەی تەعبیری کە ژیان و درەوشانەوەی لێدەڕژێت، بە ئاوایەکی دی پەیکەرەکە بە گیانی پڕ لە ژیان دادەڕێژێت، لەگەڵ ئەوەی(مایول) کەوتە ژێر کاریگەری پەیکەرسازی گریکیەوە، بەڵام توانی سەرکەوتوبێت

لەوەی کە پەیکەرەکانی بە چەندین جوڵەی نوێ و هاوچەرخ دابنێت. تاکو توانای هونەرمەندمان بۆ بەدەرخات لەوەی کە چۆن سوودی لە هونەری دێرین دیتووە، بەڵام ئەو پەڕی سەربەستی هەیە لە کارەکانیدا، بەو شێوەیەی کە گونجاوبێت لەگەڵ ئەو چەمکە نوێیەی کە دەیەوێت پێشکەشی بکات.

## ئەمیدۆمۆدلیانی Amedeo Madigliani 1884-1920 :-

کاتێك ژیان نەیهێشت لە ئیتاڵیا، شوێنی لە دایکبوونی جێگیربێت، و بەهرەکانی تیا بدۆزێتەوە، کۆچیکرد بەرەو فەرەنسە، بۆ ئەوەی لە پاریس گرنگترین ماوەی ژیانی ئەفراندنی خۆی بەرێتەسەر. لەگەڵ ئەوەی لە نێو ئەو هەموو بزاڤ و ئاراستە هونەریانەدا دەژیا، بەڵام ڕێگەیەکی تایبەت بە خۆی گرتەبەر، کە خەسڵەتی بونیادی شێوەکاری تەعبیری لە خۆگرتووە نەوەکو لایەنی ئاکادیمی. مودلیانی توانی گۆڕان و لادان لە نێو فۆڕمەکانی خۆیدا بکات، ئەویش لە ڕێی درێژکردنەوەی هەندێك لەبەشەکانی، تاکو ئەوتەعبیرەی پێ ببەخشێت.

ئەم پرۆسەیەی بۆ چەندین جار دووبارەکردەوە، تاگەیاندیە شێوازێکی باڵا کە ڕەسەنایەتی شێوەکاری پێوەیە، هەروەك ئەوەی کە لە پۆرترەیتی(کەللەسەرێك لە بەردا) دەیبینین (شێوەی 23) کە ساڵی(1913)

بەئەنجامی گەیاند، کە یەکێکە لە دانسقەکانی پڕۆژەی پەیکەرسازی(تبت) لە لەندەن.

لەم پۆرتریێتەدا فۆڕمی ئەندازەیی بە ڕوونی دەبینرێت لە کەللەسەرەکەدا، کەلەبەشی خوارەوە شێوەیەکی هێلکەیی تیژی هەیە کە بەردەوامە تاکۆتایی چەناگەی. ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە کە تاچ ڕادەیەك کەوتۆتە ژێر کاریگەری هونەری(زنجی)یەوە، لە کاتێکدا چاوەکانی لەسەر شێوەی هێلکەیی بەرەو ژوورووی سەری بەرزبۆتەوە، بەڵام لوتی بریتییە لە هێلێکی درێژبووەوە، دەموچاوی دەکات بە دووبەشەوەو بەدەمێکی زۆر بچوك کۆتایی دێت، فۆڕمەکە وەکو فۆڕمێکی شێوێنراو دێتەبەرچاو وەکو ئەو ئاوێنانەی کە دەموچاو دەشێوێنێ، بەهۆی ئەوەی کە ڕەهەندێکی ناواقعی پڕ لە موبالەغەی پێدەبەخشێت.

## مارینوماریني – Marino Marini- 1901-1980:-

مارینو لە (پوستویا -pistoia)، لە ئیتاڵیا لە دایکبووە، نیگارکێشان و پەیکەرسازی لە ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی فلۆرەنسا خوێندووە، لە ساڵی (1921 تا 1940)، لە قوتابخانەی(ڤیلا)ی شازادە بۆ هونەر لە (مونزا - Monza) وانەی وتۆتەوە، پاشان بووە بە مامۆستای پەیکەرسازی لە ئەکادیمیای (بریرا -Brera) لە (میلانۆ). سەفەری بۆ گشت وڵاتانی ئەوروپاو

باكوری ئەمەریكا كردووە و چەند جارێك چووە بۆ پاریس. بەشداری پێشانگە گەورەكانی تایبەت بە پەیكەرسازی لە ئیتاڵیا و دەرەوەی ئیتاڵیاو بینالەو ڤینیسیا كردووە، هەروەها بۆ ماوەیەك لە(میلانۆ) ژیاوە. بەتایبەتیش بەكاری قەوارە گەورە ناسراوە، كە تایبەتە بەئەسپ و سوارچاكی، ئەو بابەتەی كە لە ساڵی(1936) بەدواوە زۆر حەزبیپێدەكرد.

## پەیكەری پیاو و ئەسپ :- ( شێوە 24 )

بابەتی سەرەكی(مارینۆ) بریتیە لە(ئەسپ سواری)، ئەم بابەتە پێشتر لەلایەن هونەرمەندانی دیكەوە بەرجەستەكراوە، مارینۆ ڕێچكەی خۆی هەیە كە كۆتایی بۆنیە، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەسپ سوارەكانی بوون، كە ئەو ناوبانگەیان پێ بەخشی، قاڵبونیشی لەم بابەتەدا گەلێك شرۆڤەی بۆكراوە. (هافمان) دەربارەی كارەكانی بە مجۆرە دەنوسێت:"مارینۆ، لەوانەیە كاریگەر بوبێت بە دیمەنی ئەو جوتیارانەی كە بە سواری ئەسپەوە لە كاتی جەنگدا هەڵدەهاتن، لەوانەیە ئەم دیمەنە لە مێشكیدا تۆماربوبێت". كەچی تەفسیری مارینۆ دەربارەی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە ئەوەیە كە یەكەمجار لە نمایشی(سێرك)دا وێنەی ئەسپی كێشاوە یان لەوانەیە كاریگەربوبێت بە فۆرمە مێژووییەكان لە ئیتاڵیا وەكو ئەو پەیكەرە ئەسپ سوارە بچوكانەی كە تایبەتە بە هونەری ئەترۆسكی یان لەوانەیە سەرسام بوبێت بەكارەكانی(مارك ئاوریل) لە ڕۆما یان(ئەلجاتا میلانا)ی دۆناتیللۆ.

**سوارچاك:- ( شێوەی 25 )**

پەیكەری سوارچاك لە مۆزەی(بویمان بروتردام) پارێزراوە، دەبینین ئەسپەكە جوڵەی تێدانیە، و سەروملیشی درێژبۆتەوە. جەستەكەشی درێژبۆتـەوە كـە سوارێكی شێوە شاقوڵی لەسەر ئەسپەكە هەڵگرتووەو بەهەردوو قۆڵـەكانی بەرەو ئاراستەی دەستەكانی نزیك دەبێتەوە، بەلاَم(كەللەسەرە) بازنەییەكەی بەرەو سەرەوە بەرزكردۆتەوە، و پەیكەرەكەش لەوپەڕی دۆخـی ڕەقیدایـە و پڕیەتی لە مانای ڕەمزی، لایەنە هەمەكیەكان كۆدەكاتەوە بێگوێدانە توێكاری زۆر ورد، بەهەمان شێوەو، بەلاَم بە جەختكردنەوەیەكی دیكەی جوڵە بە جۆرێك جەستەی سوارەكە بەرەو پێشەوە درێژدەبێتەوە و سەری ئەسپەكەش بـەرەو خوارەوە دانەویوە، لە كاتێكدا، مارینۆ، قاچی سـوارەكەو قـاچ و دەسـتی ئەسپەكە بە شێوازێكی ڕیتمی دەجولێنێت، هەربەشێك لە وردەكارییەكان، وردەكاریەكانی دیكە تەواودەكات و جەختی لەسەر دەكاتەوە. ئەم پەیكەرە ساڵی(1947) دروستكراوەو، مارینۆمارینی، بەیەكێك لە پێشەواكانی بزاڤی تەعبیریەت دادەنرێت لە نێو هونەری پەیكەرسازی مۆدێرندا.

**ئـەلبیرتۆ جیـاكۆمیتی – Alberto Gicometyi- 1901-1966:-**

جیاکۆمیتی ساڵی(1901) لە(ستاسبا) لە دایکبووە، ئەو بارودۆخە خێزانیەی کە تێیدا هاتۆتە دنیاوە، شیاوبوو، بۆ ئەوەی بەهرەکانی ئەم هونەرمەندەی تیا گەشە بکات کە لەلایەن کەسوکار و خزمەکانیەوە پشتگیری تەواوی لێدەکرا، لە ساڵی(1920)دا بەهاوەڵی باوکی چووبۆ دوانزەهەمین پێشانگەی(بینالە) لە شاری(بوندوقیە)، و لەبەرکەوتنێکی ڕاستەوخۆدا، خۆی لە نێوان هونەرمەندە مەزنەکاندا بینیەوە، ئەو هونەرمەندانەی پێش ئەم مێژووە ناسیبوونی لە ڕێگەی کتێبەوە. جیاکۆمیتی بۆماوەی(9) مانگ لە(ڕۆما) مایەوە، بە جۆرێك پەیکەری میسری زۆر سەرنجی ڕاکێشا.

جیاکۆمیتی فۆڕمی مرۆڤی ئیختیزالکرد، بەجۆرێك وەك سیمبولێکی لێکرد، وەبەهۆی زیرەکی لە هەڵسوکەوتیدا، توانی پێش هاوڕێکانی بگاتە چارەسەرکردنی کاری هونەری پەیکەرسازی، وەکو پەیوەندی نێوان کاری هونەری و فەزای دەورووبەری، ئەمەشی لە ڕێگەی گرتنەبەری ستێڵی ئەبستراکتەوە کرد.

بەشێوەیەك فۆڕمە درێژکۆلەکانی والێکرد کە هەر لە پاشماوەی ئێسکەپەیکەری ئادەمیزاد یان(مۆمیا)دەچوو. کارەکانی ئەم هونەرمەندە بەگرنگترین ئەو خەسڵەتە تەعبیریانە دێنە ئەژماردن کە هونەری پەیکەرسازی سەدەی بیستەمی پێدەناسرێتەوە، بەئاوایەك فیگوراتە مرۆیی یان گیانلەبەرەکانی کە لەڕێی ئەبستراکتکردنەوەی هێڵەباریکە پەرشو

بڵاوەبوەکانەوە فۆڕمەڵکردووە، مانایەکی سوریالی لەخۆدەگرن، ئەم ڕاستیەش لە نێو پەیکەری(سەگ-تانجی)دا(شێوەی 26) جەختی لەسەرکراوەتەوە، کە ساڵی(1956) دروستیکردووە، سەگەکەش هەر بەو سەگانە دەچێت کەڕاوی پێدەکرێت(تانجی)، بەجۆرێك پێشەوەی جەستەی بەخۆیەو وردە وردە تادەگاتە قاچەکانی دواوەی زیاتر لاوازدەبێت، نوشتانەوەی مل و کلکی، و جوڵـەی قاچەکانی، هەرهەموویان ئەوە بەدەردەخەن کە جەستەکە لە جوڵەدایە، واتە لە خۆوەڕا بەرەو پێشەوە دەڕواو لە ڕێی هەستی بۆنکردنـەوە بـەدوی شـتێکدا دەگەڕێت، بەجۆرێك سەری بەرەو زەویەکە نزیك کردۆتەوە، و هێڵی دەرەوەی سەرو مل و پشتی و کلکی هەرهەموویان لە حاڵەتێکی هاڕمۆنیدان.

ئەم حاڵەتە بەهەمان شێوە لە نێو پەیکەرێکی دیکەدا بەدەردەکەوێت، کە بریتیە لە(پەیکەری پیاوێك لە کاتی ڕۆیشتندا)(شـێوەی 27). ئـەم کـارە جەستەی پیاوێك دەنوێنێت کە بە هەنگاوێکی نەگۆڕ و لە بارێکی ئاسایدا ڕێدەکات، قاچەکانی بەوپەڕی هێزوتواناوە بڵاوکردۆتەوە، تاکو جەخت لەسەر پرۆسەی ڕۆیشتنەکە بکاتـەوە، پەیکەرەکـە شـێوەیەکی درێژکۆڵـەو لاواز و قەوارەیەکی بەرزی لە خۆگرتووە، لەگەڵ گرنگیدان بەلایەنی جوڵە لە ڕێـی درێژکردنەوەی جەستەو هەر چوارپەلی لە نێوبۆشاییدا لەبەرئەمەیش(بۆشایی) ڕۆڵێکی ئەکتیف دەبینێت.

بەئاوایەکی دی هونەرمەند بارستەی جەستەکەی ئیختیزالکردووە، تاکو وەك ڕەمزێك بەدەربکەوێت، بەئامانجی ئەوەی کەلەم ڕێیەوە جەخت لەسەر

بەهای شێوەکاری(بۆشایی) لە بینای ڕواڵەتی پەیکەرەکە بکاتەوە. بەمەیش پەیکەرەکە بۆتە ئێسکە پەیکەرێکی درێژبوەوە لە نێوبۆشایدا.

گوژمێکی توند بەقاچی دواوەوەی دەبینین کە لە باری خۆئامادەکردنداية بۆ ڕۆیشتن، لە کاتێکدا قاچی پێشەوەی درێژکراوەتەوەو بۆشاییەکی گەورە کەوتۆتە نێوانیان، کە پاڵی بەجەستەکەوە ناوە بەرەو سەرەوە هەروەها ناوقەدی پەیکەرەکە کە لەباری نوشتانەوەدایە لەگەڵ قاچی دواوەی یەکیانگرتووە.

تاکو هەڵمەت و برەوی جەستەکە لە نێوبۆشایدا بەردەوام بێت، جەستەکەش سەرێکی بچووکی باریکی هەڵگرتووە، بەڵام دەستەکانی کە لەباری ڕاست و چەپ کردندایە، هەستێکی پڕ لە جوڵەی بەجەستەکە بەخشیوە. جیاکۆمیتی ئەم پەیکەرەی وەها دروستکردووە، وەك ئەوەی کە لە گۆشەنیگایەکی دوورەوە سەیری کردبێت. لەبەرئەوە ڕواڵەتی فۆرمەکە نادیارە و بەڕوونی بەدەرناکەوێت، هەر بەتارمایی مرۆڤ دەچێت.

## بزاڤی ڤۆڤیزم (وەحشیەت):-

ئەم بزاڤە زۆر درێژەی نەکێشا، ڕەخنەگرەکان بە(شۆڕشی وەحشیەکان) ناوزەدیان دەکرد، چونکە لە ڕووی جێبەجێکردن و تەعبیری هونەریەوە جۆرێك بوو لە شۆڕشی هونەری. بەئاوایەکی دی دوور کەوتنەوەیە لە ڕێساو یاساو ستێڵە هونەریە وەرگیراوەکانی سەردەمی ڕێنیسانس، ئەو هونەرانەی کە لە پێشتردا هەبوون.

وەحشیەت پێیوایە کە(ئینتیباعیەت) بزاڤێکی ئەکادیمیەو ستایلی واقعی لەگەڵ تیۆرەی زانستی شیکردنەوەی ڕووناکی ئاوێزان بەیەکدیکردووە، لەبەرئەوە وەحشیەت هەموو ئەو شتانەی ڕەتکردەوە کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم پرۆسەی تەعبیرکردن لەلایەك و، بەربەست لە نێوان هونەرمەند و مومارەسەکردنی کاری هونەری لەلایەکی دیکە.

وەحشیەت ئاوازی(سانا) کردنەوەی شێوەکاری دەچڕێت و بانگەشەی خۆ قوتارکردن دەدات لە هەمووشتێکی ئاڵۆزو، هەوڵدەدات پارێزگاری لە پەیکەرە ساناکان بکات تا ئەوڕادەیەی کە پێویستە بۆ بەرجەستەکردنی فۆڕمەکە. لەبەرئەوە بانگەوازی(تلقائي — لەخۆوەڕا)ی دەدات لە تەعبیرکردن دەربارەی واقع. بەمەبەستی بەدەرخستنی توانستی تەعبیری نێو فۆڕمەکان، ئەمەیش لە وەڵامدانەوەیەك دەچێت، نزیکە لە هەڵسوکەوتی(ڕۆسۆ) کە بانگەشەی گەڕانەوەی بۆ نێو سروشت و ئازادی تەعبیرکردن دەکرد، پشت بەست بەو پرەنسیبانەی کە جەخت لەسەر سانایی و پاکژی و خۆڕسکی دەکەنەوە، بەو چەشنەی کە لە نێو هونەری بەرایی و ئەفریقایدا دەبینرێتەوە، لەبەرئەوە هونەرمەندی وەحشی پشت بە(سروش و هەستی خۆڕسك) دەبەستێت لە جێبەجێکردن و تەعبیری هونەریدا. فۆڕمەکان لە ڕێگەی ئیختیزالکردنی هەندێ لە وردەکاریەکان سانا دەکاتەوە، لەگەڵ هێشتنەوەی ئەو واتایانەی کە ئاماژەن بۆ فۆڕمە بنچینەییەکەو لایەنە تەعبیرییەکەی، ئەمەش دەکاتە

ئامانجێك بۆ بەدەرختستنی ئەو كێشمەكێشانەی كە لەتەك بیرۆكەی ئازادا لەودیو واقعی مادییەوە بوونی هەیە، بەجۆرێك وێنەیەكە لە كارلێكردنی هونەری واقعی و هونەری بەرایی، لەبەرئەوە یەكێك لە هونەرمەندەكانی سەر بەم بزاڤە وەردەگرین ئەویش نیگاركێش(هنری ماتیس)ە كە لەهەمانكاتدا مومارەسەی هونەری پەیكەرسازیشی كردووە.

## هنری ماتیس –H. Mattisse 1869-1954 :-

ماتیس لە(كاتۆركامبرێزی- فەڕەنسا) لەدایكبووە، سەرەتا یاسای خوێندوەو دواتر لە ساڵی(1880) دەستیكرد بە وێنەكێشان، بەتایبەتی لەسەر دەستی هونەرمەند(گۆستاف مۆرۆ) وانەی خوێندووەو كاریگەریش بووە بە(سیزان). ساڵی(1905) بەڕوداوێكی گرنگ لە ژیانی(ماتیس)و لە هەمانكاتدا لە مێژووی هونەری مۆدێرندا دادەنرێت، بەجۆرێك بووە پێشەنگی بزاڤی(ڤۆڤیزم).

(ماتیس) وەك نیگاركێشێك هەرگیز گرنگیدانی بە هونەری(پەیكەرسازی) فەرامۆشنە كردووە. بەڵكو گروپێك پەیكەری برۆنزی بەئەنجام گەیاندووە، كەتیایدا گرنگیداوە بە فۆڕمی مرۆیی و بە تایبەتی جەستەی(ژن)، وەك لە هەردوو پەیكەری، (ژنێكی ڕووتی ڕاكشاو) و (ژنێكی ڕووتی دانیشتوودا) بەدەردەكەوێت، كە لەباری جیاوازدا بەرجەستەی كردوون، كارەكانی(ماتیس)

گرنگیەکی تایبەتیان هەیە لە نێو هونەری پەیکەرسازی مۆدێرندا، ئەویش لەبەرئەوەی بەستێڵکی ستاتیکی خۆرسك دەناسرێنەوە، لە تەکیشیدا جەستەی مرۆڤی لەبارێکی داهێنراوی مۆدێرندا داڕشتووە.

## پەیکەری( ژنێکی مار ):- ( شێوەی 30 )

ئەم پەیکەرە کە لە برۆنز دروستکراوە جەستەی ژنێکی ڕووتی ڕاوستاوی هەڵکشاو لە نێو بۆشایدا دەنوێنێت، کە قۆڵی لەسەر ستاندێك دایاوە، کورتکردنەوەو ساناکردنەوەی قەوارەی جەستەی تێدا بەدەردەکەوێت کە لە بۆتەی فۆڕمی لولەکیدا کورتیکردۆتەوە، هەر بە لولەی پێچ خواردوو دەچێت. بەمەیش جوڵەی شەپۆلی جەستەو نەرمونیانی ئەندامەکانی بەدەرکەوتووە، بە جۆرێك پەیکەرەکە وێنەیەکی سیمبوڵی مەجازی وەرگرتووە.

ماتیس، گرنگی داوەتە خەسڵەتە بەدیارەکانی جەستەی ژن، ئەمەیشی لە ڕێی جەختکردنەوە لەسەر هەندێ فۆڕمی خوازراوەوە بەئەنجا گەیاندووە، کە خۆی لە گەورەکردنی قەوارەی دەوری ڕانەکانیدا دەبینێتەوە لەگەڵ هەرچی زیاتر بەدەرخستنی مەمکەکانی، لەبەرئەوە پەیکەرەکە گرنگترین خەسڵەتەکانی فۆفیزمی لە خۆگرتووە، کە بریتیە لە تەعبیری خۆڕسك و سانایی شێوەکاری، لەمەیشەوە وادیارە هونەرمەند کەوتۆتە ژێر کاریگەری پەیکەری زنجی ئەفریقی، بە جۆرێك قەدی شێوە لولەکی درێژ خەسڵەتێکی

بەدیاری نێو زۆربەی کارە هونەریە ئەفریقاییەکانە، هەروەها (ماتیس) یەکێکە لەو هونەرمەندە پێشەنگانەی کە سەرسامە بە هونەری ئەفریقایی، بەجۆرێك فۆڕمی لولەکی بەشێوەیەکی زۆر بەکاربردووە لە نێو ئەم پەیکەرەدا، هەروەها دەبینین کە پەیکەرەکە هاوسەنگی تێدایە، ئەم هاوسەنگیەش لە دەرەنجامی حاڵەتی نوشتانەوەی جەستەکەیە لەسەر ستاندەکەی کە قۆڵی لەسەرداناوە. لە ڕێی جوڵەی پەلەکانیەوە کە جوڵەیەکی ڕیتمی ئاڵوگۆڕکراوی لەگەڵ بۆشایدا پێکهێناوە. دانانی دەستی لە دواوەی پشتی ,بۆشاییەکی لەگەڵ جەستەیدا پێکهێناوەو لە بەرامبەریشدا بۆشاییەکی تەسك لە دەرەنجامی دانان و پێکەوەلکانی قاچەکانی بەقاعیدەکەوە دروست بووە، هەروەها بۆشاییەکی دی کە لە دەرەنجامی ئەو قۆڵەی کە لەسەر ستاندەکە دایناوە بە دەردەکەوێت، بەمجۆرە بۆشاییە داخراوەکان و بۆشاییەکانی دەوروبەری پەیکەرەکە جەخت لەسەر ڕواڵەتی قەوارە لولەییە پێچ خواردووەکان دەکەنەوە کە بەشێوەی سێبەر بە دەردەکەون و بریسکەی ڕووناکیان لەسەر دەردەکەوێت، بەجۆرێك کە ڕووناکیەکە لەگەڵ ڕووکەشی پێچ خواردووی قەوارەی پەیکەرەکە کارلێکدەکەن، کە بۆتە هۆی بەدەرخستنی بەرزونزمی و جۆرەها شەپۆل لەگەڵ بەدەرخستنی هەندێ توێکاری سانای جەستەکە، هەروەها بنکەی پەیکەرەکە لەگەڵ ستاندەکە بۆشاییەکی گۆشە وەستاو پێکدەهێنن کە دەیانبەستێت بەیەکەوە تاکو قەوارەیەکی ماددی جێگیر کە یەکسانە بە قەوارەی جەستەی پەیکەرەکە

پێکهێنێت. بەمەیش ڕواڵەتی هەمەکی بارستەی پەیکەرەکە بەشێوەیەکی لاکێشەیی بە دەردەکەوێت. داڕشتنی ئەم پەیکەرە ڤۆڤیزمە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لێرەدا پێوەری ستاتیکی نوێ لە پەیکەرسازی مۆدێرندا هەیە، جیاوازە لە پێوەرە ستاتیکیە گریکیەکان دەربارەی داڕشتنی فۆڕمی ژن.

## بزاڤی کیوبیزم( تەکعیبیەت ):-

هونەرمەندان هەر لەسەردەمە دێرینەکانەوە تاکو کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لە جێبەجێکردنی گشت کارە هونەرییەکانیاندا، خۆیان بەستبوەوە بەلاسایکردنەوەی فۆڕمە بینراوەکانی نێو سروشت. لەبەرئەوە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوەو پاش ئەوەی کە شێوازی (ڕۆکۆکۆ)، لە دەرەنجامی شۆڕشی فەڕەنسی ساڵی(1789) کۆتایی پێهات. قوتابخانە هونەریە مۆدێرنەکان بەدەرکەوتن، بەجۆرێك ئیدی چەمکی هونەری شێوەکاری پەیوەستبوو بەو گۆڕانکاریە نوێیانەی کە کاریگەربوون بە دۆزینەوە زانستی و مۆدێرنەکان.

بەڵام لە دەسپێکی سەدەی بیستەمدا، مێژووی هونەر گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بەخۆوەبینی، بەجۆرێك هونەرمەندەکان گرنگیان دەدا بە داهێنانی ئامرازی نوێ بۆ تەعبیرکردن لە ئەندێشە هونەرییەکانیان، تاکو هاوشانی پێشکەوتنە ژیاریەکان برۆن کە لە نێو جیهانی مۆدێرندا ڕوودەدەن. لە

دەرەنجامی ئەم گۆڕانکاریانەش سێ بزاڤی هونەری بەشێوەیەکی گشتی لەیەك کاتدا بەدەرکەوتن، کیوبیزم لە فەڕەنسا، تەعبیریەت لە ئەڵمانیا، ڤیوچەریزم لە ئیتالیاو فەڕەنسا، هونەرمەندەکان بیروباوەڕی لاسایکردنەوەی فۆڕمە سروشتیەکانیان ڕەتکردەوە، هەستان ئەم فۆڕمانەیان ئیختیزالکرد بە جۆرەها بەشی ئەندازەیی و هێڵی ڕاست، لە دوایشدا و سەر لە نوێ دوور لە ڕەگەزە بنچینەییەکانی فۆڕمەکە، بەشێوازێکی دیکە دایانڕشتەوە.

لە بنچینەدا مژدەی ئەو شۆڕشەی کە لە فۆڕمە سروشتیەکاندا کرا، بریتی بوو لەوەی کە لەسەرەتادا پانتایی ئەندازەیی سانایان لە نێو فۆڕمە سروشتیەکاندا دۆزییەوە، کە لە بونیادێکی پتەو پێکهاتبوون. بەمجۆرە هونەرمەندەکانی سەدەی بیستەم توانیان ئەو بیرۆکە ئەندازەییانەی کە لەو فۆڕمە سروشتیانەدا هەیە پەرەپێبدەن بەرەو قۆناغێکی پێشکەوتووتر، بەجۆرێك کە فۆڕمە سروشتیەکانیان دەگەڕاندەوە بۆ فۆڕمی قووچەکی و لولەکی.

بزاڤی کیوبیزم گەورەترین ڕاپەڕینی شۆڕشی هونەرییە، کە سەردەمی مۆدێرن بەخۆوەی بینیوە. ئەم بزاڤە تایبەتە بە(پاریس) و لە دەرەنجامی بزاڤی ڤۆڤیزم بەدەرکەوت، وەکو پەرچەکردارێك دژ بە تیۆرەکانی ڤۆڤیزم و تەعبیریەت هاتەکایەوە، لە ڕاستیدا کیوبیزم بەرەو ڕزگاربوون لە فۆڕم هەنگاو دەهاوێژێت، وەکو ڤۆڤیزمەکان کە خۆیان لە ڕەنگە سروشتیەکان ئازادکردو

(ماتیس) لەو پێشەنگانە بوو کە سەرسام بوو بەم بزاڤە، پەیڤی کیوبیزم وەکو پەیڤی(ڤۆڤیزم) پەیوەندی بەرەخنەگری هونەری(لویس فوکسیل)ەوە هەیە، ئەوکاتەی کە ساڵی(1908) سەبارەت بەوەسف کردنی تابلۆکانی(جۆرج براك) کە لە گالیڕی(کانفیللر) نمایشیکردبوو، وتبووی کە ئەم تابلۆیانە لە(مکعب-شەش پاڵوو) پێکهاتوون، ساڵێك دوای ئەوە بەهەمان شێوە پەیڤی(مکعب)ی دووبارەکردەوە، هەروەها(ماتیس) کە یەکێکە لە شەیداکانی کیوبیزم، بەهەمان شێوە، وەسفی تابلۆکەی(براك)ی بە شەش پاڵویی کردووە، ئەو تابلۆیەی کە لیژنەی هەڵسەنگاندن لە گالیری(پایز)، ساڵی(1908) پەسەندیانکرد، بەمەیش تابلۆکە بووە هۆی ئەوەی کە ئەم ناوە دابڕێت بەسەر ئەم بزاڤە نوێیەدا و ئیدی دوای ئەوە ئەم ناوە بڵاوبوەوەو، هەر تابلۆیەك پەیوەندی بەم بزاڤەوە هەبوایە ئەم ناوەیان بۆ بەکاردەبرد.

بەکورتی کیوبیزم جەختی لەسەر شیکردنەوەی هەمەکی و بەشەکی و تێکسچەری کاری هونەری دەکردەوە، بێگومان بەدەرنیە لەلایەنی تەعبیری، بەڵام زیاتر گرنگی دەدات بەلایەنی تەلارسازی بینایی ئەندازەیی کاریگەری ئەم بزاڤە لەسەرکایەی هونەری پەیکەرسازی لە سەرەتاوە لاوازبوو، بەڵام بەرۆیشتنی کات بەرەو زیاتر رۆیشت، بە جۆرێك هونەری پەیکەرسازی لە نوێبونەوەکانیدا زیاتر بەرەو رێبازی تەکعیبیەت رۆیشت وەك لەوەی رووبکاتە رێبازەکانی دیکە، ئەمەیش لە روانگەی گونجاندنی تەکعیبیەتەوە لەگەڵ

بارستایی و قەوارەی پەیکەرەکانەوە هاتۆتەگۆڕێ، (جۆرج براك-**Broqae**) و(بیکاسۆ-**picasso**) و (هنری لورنز-**laarens**) و (دۆشامب-**Dachamps**) و (ئارشبینکۆ) یەکەم هونەرمەندن کە دەستبەکاربوون لە پراکتیزەکردنی ئەو ستێڵە لە نێو هونەری پەیکەرسازیداو لە تەکیشیدا لە نێو هونەری نیگارکێشاندا.

## پابلۆ پیکاسۆ- Pable Picasso 1881-1973 :-

ناوبانگی بیکاسۆ بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە یەکێکە لە هونەرمەندە مەزنەکانی نێو هونەری نیگارکێشان، بەڵام هەمیشە گرنگی دەدا بە هونەری پەیکەرسازی و لە ساڵی(1905)ەوە کاری تێداکردووە، هەروەها بە پێشەنگی کیوبیزم دادەنرێت لە نێو هونەری پەیکەرسازیدا، ئەو یەکەم کەسە کە لە ساڵی(1928)وە کانزای لە کارەکانیدا بەکاربردووە، هەروەها دوو پەیکەرسازی ئیسپانی بە ناوەکانی(جۆنزالیس) و (جارجاللوت) لەم بوارەدا هاوبەشیانکردووە، بێجگە لەوانەش بیکاسۆ هەندێ کاری کۆمیدی و ڕەخنە ئامێزو جۆرەها کەللەی گیانلەبەران و پۆرترەیت و ماسکی دروستکردووە، هەروەها گرنگیداوە بە جۆرەها فۆڕمی سیرامیکی و ئەندازەیی. بەسوود وەرگرتن لە هێڵی چەماوەو لار بۆ بەدەرخستنی ڕیتمە هونەرییەکان،

باشترین نموونەش لە پراکتیزەکردنی تەکعیبیدا کە لەگەڵ(براك)ی هاوڕێیدا پێکەوە ئەفراندویانە بریتیە لە تابلۆی(سەری ژنێك).(شێوەی31)

## جۆرج براك G.Braque 1882-1963 :-

نیگارکێشێکی فەڕەنسیە لە(ئارجنتۆل-Argentwuil) لە دایکبووە ناوی پەیوەستبووە بە ناوی(بیکاسۆ)وە، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ داهێنانە دوو قۆڵیەکەیان لە پێشکەشکردنی بزاڤی کیوبیزمدا لە ساڵی(1908)، براك هەر لە منداڵیەوە پەیوەندیکردووە بە قوتابخانەی هونەرە جوانەکان لە شاری(هافەر)، کاتێکیش هەستی بەلای هونەردا جولا، ساڵی(1900) بەرەوپاریس ڕۆیشت و بۆماوەیەکی کەم مایەوە، لە ساڵی(1902) پەیوەندیکرد بە قوتابخانەی هونەرەجوانەکان و کارەکانی خۆی لە نێو پێشانگەی(جوداخوازەکان) نمایشکرد، لەم یەکەمین کارانەیدا، بە ئاشکرا هەست بەم ستێلە شۆڕشگێڕانەیە دەکەین، ئەویش بەهاندانی(سیزان) و بە تایبەتیش دوای ئەوەی لە ساڵی(1907) بیکاسۆی ناسی. لە ساڵی(1908)، نۆ تابلۆی برد بۆ گالیڕی(پایز) کە بریتیبوو لە فۆڕمی سروشتی ئیختیزالکراو بۆ چەندین فۆڕمی ئەندازەیی، بەلام لیژنەی هەڵسەنگاندن حەوت تابلۆیان ڕەتکردەوە، بەلام(براك) هەر هەموو تابلۆکانی بەیەکجاری کێشایەوە و لە گالیڕی(کانفیلیر) نمایشی کرد، ئەمەیش وەك بانگدانێك وابوو بۆ لە دایکبوونی(کیوبیزم)، تەنانەت هەندێك لە ڕەخنەگرەکان

وایدادەنێن کە(براک) داهێنەری کیوبیزمە، ئەویش لەبەرئەوەی کە ئەو یەکەم کەسە کە تابلۆی بابەتگەلێکی نمایشکردبێت هێڵەکانی لادان و گۆڕینی لە خۆگرتبێت.

سەرباری ئەوەش، ستایلی ئەندازەیی لە نێو نیگارەکانیشیدا بەکاربردووە، بەهەمان شێوە لە کارە پەیکەرەکانیشیدا بەکاری هێناوە، ئەویش لە هەردوو پەیکەری(ئەسپ)(شێوەی 32) و (کەللەی ئەسپ)دا(شێوەی 33) بەڕوونی بەدەردەکەوێت، بەجۆرێك ئەم ئەسپە وا دەزانرێت کە کەسێکی هاکەزایی دروستی کردبێت، بەڵام لەبەرئەوەی براک هونەرمەندێکە ڕێژەی فۆڕمەکان دەزانێت، دەبینین کلکی ئەسپەکە بە هەمان ئاڕاستەی درێژکردنەوە(جڵەوی ئەسپەکە) درێژبۆتەوە، هەروەها ئاڕاستەی دەست و پێیەکانی لەگەڵ ملیدا گونجاوە، هەروەها سەری ئەسپەکەش لەگەڵ جەستەیدا تەبان.

## ئەلکسەندەر ئارشبینکۆ A.Archipenko 1887-1964 :-

ئەم هونەرمەندە ڕوسیە لە شاری(کییف) لە دایکبووە، ئنجا لەساڵی(1908) ڕویکردە(پاریس)، سەنتەری بزاڤە هونەریە مۆدێرنەکان، هەروەها لە قوتابخانەی هونەرەجوانەکان وانەی هونەری خوێندووەو، سەرسامبووە بەبزاڤی کیوبیزم و چووەتە نێو دنیای ئەو ستێڵەوە بێجگە لەوەیش قوتابخانەیەکی کردۆتەوە بۆ فێربوونی پەیکەرسازی.

ئارشبینکۆ بە پێشەنگی هونەری پەیکەرسازی مۆدێرن دادەنرێت، بەجۆرێك هەست بەساناکردنەوەی جەستەکان دەکرێت هەروەك لە (شێوەی 34)دابـە دەردەکەوێت، دواتر ئەم ساناکردنەوەی فۆڕمانەی کرد بەجۆرێك لەلادان و گۆڕین بە ئاوایەکی دی بارستەکانی گۆڕی بە فۆڕمی ئەندازەیی، هەروەها توانی لە ڕێگەی بۆشاییەوە بارستە پەیکەرەکان بسمێت و بیجولێنێت(واتە ئەکتیڤی بکات). بەمجۆرە سەردەمێکی نوێی لە هونەری پەیکەرسازیدا هێنایە گۆڕێ و(بۆشایی) بووە ڕەگەزێکی شێوەکاری وەها، کە بەهای ستاتیکی خۆی هەبێت و لەئاستی ڕێکخستن و ستاتیکای بارستەدا بێت لە ڕووی گرنگیەوە. هەروەها لە میانەی بارستەی قەوارەی نیمچە ئەندازەیداو لە ڕیتمێکی ڕێکخراودا، فۆڕمی مرۆڤی داڕشتووە، ئەمەیشی لە میانەی جەختکردنەوە لەسەر جولەی قەوارەکان لەبارێکی لاربوەوەدا کردووە کە ڕێبازی جولەکەی بەدەردەخات. ئامانجی لە داڕشتنی پەیکەرەکانیدا ئەوەبوو کە لـە جیـاتی هەنـدێ لـە ئەندامـەکانی جەستە(بۆشایی) دابنێت، بەلام زۆر بە وشـیاریەوە، بـۆ ئـەوەی ئامـاژە بـە ئەبستراکتکردنی فۆڕمی مرۆڤ لە هەندێ وردەکاری بدات. بەمەیش بەهای ستاتیکی و گرنگی دروستکردنی بۆشایی و کەلێنی نێوان فۆڕمەکانی دۆزییەوە کە بارستەی پەیکەرەکەی پێ سمیوە، هەروەها هەولیداوە پەیوەندی لە نێوان ڕووکەشە قۆقز و چالبوەکاندا بدۆزێتەوە و زیاتر ئەکتیڤیان بکات لە پێکهێنانی پەیکەرەکەدا. دەربارەی ئەمەیش(ئارشبینکۆ) لە سـالی(1912) ئاوەهـا

ئاماژەی بۆ کردووە:"ئەزموونەکانی خۆم جێبەجێکردووە و گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە دەکرێت پەیکەر لەو شوێنەوە دەست پێ بکات کە(چواردەوری بۆشایی بەمادە بگرین)".

## پەیکەری ژنێك لە کاتی ڕۆیشتندا :- ( شێوەی 35 )

لەم پەیکەرەدا بینای سروشتی جەستەی ژن گۆڕاوە بۆ بینایەکی تایبەتی کە لەسەر پەیوەندی شێوەکاری تەجریدی دامەزراوە. ڕێکخستنەکەی جۆرەها قەوارە و جوڵەی لە خۆگرتووە، ئەمەیش لەوەدا بەدەردەکەوێت کە هێڵی دەرەوەی پەیکەرەکە بە شێوەیەکی سروشتی دروست نەکراوە، وەك ئەوەی کە لە واقعدا هەیە بەڵکو تێکشکێنراوە و گۆڕاوە بە جۆرەها هێڵی ڕێکو قۆقزو قوپاو لە پێناو جەختکردنەوە لەسەر هەمەڕەنگی ڕوکەشی قەوارەی پەیکەرەکان، بەڵام ئەو بۆشاییە دروستکراوەی کە لە جیاتی کەللەی سەرو ناوقەدێتی، ڕواڵەتێکی شێوەکاری لەخۆگرتووە و لەگەڵ سروشتی جوڵەی قەوارەکانی و دەوروبەری وەك بەشێکی شێوەکاری گونجاوە.

ئەم بۆشاییە جێبەجێکراوە لە بەرجەستەکردنی قەوارەکاندا، جەختکردنەوەیە لەسەر قوڵێتی لایەنی شێوەکاری و بەرز نرخاندنی بەهای شێوەکاری و بۆشایی. بەو پێیەی لێرەدا بۆشایی بریتینیە لەوەی کە تەنیا لە دەوری پەیکەردا هەبێت. بەڵکو بۆشایی بوەتە بەشێکی زیندوو لە پێکهاتەی پەیکەرەکەو قوڵاییەکانی ناوەوەی فۆڕمەکەی سمیوە، بەمەیش ڕەهەندێکی

تـەعبیری و شـێوەکاری لـە خۆگرتـووە. ڕووکەشـی پەیکەرەکـە خەسـڵەتی هەمەچەشنی لەخۆگرتووە. لە بارستەی پەیکەرەکەدا ڕووکەشی قوپاو و قۆقزو تەخت و ڕێکی پێکەوە کۆکردۆتەوە. لە سەنتەری پەیکەرەکـەدا قـەوارەی ڕووکەشی قۆقز زاڵەو گەمارۆی بۆشاییەکی داوە و ڕووکەشێکی تەخت کە تێکسچەرێکی زبری هەیە چواردەورەی داوە، کە جودایە لەگەڵ ڕوکەشە قوپاوە سافەکە. بەشی خوارەوە کۆکردنەوەیەکە لە نێوان ڕوکەشە تەختە لارو لێژەکان و ڕووکەشە وەستاوەکان، کە لە ئەنجامـدا بۆشـایی لێدروسـت بـووەو، ئـەم بۆشاییانەش وەك قوپاویەکی سانا بەدەردەکەون بەهۆی ئەو سێبەرە کەمەی کە کەوتۆتەسـەری، بەپێـچەوانەی ئەوڕووکەشـە قۆقزانـەی کەتیـشك لەسـەر لوتکەکانیان دەبریسکێنەوە ، بەڵام لەسەر ئەم لاولاکانیان تیشکەکە نامێنێت، ئەمـەیش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی ڕووکەشـە قۆقزەکـان بەشـێوەیەکی گـۆیی بەدەربکەون، پەیکەرەکە لە میانەی توندوتیژی ڕێکی هێڵە دەرەکیەکانیەوە جۆرێك لە هێزو پتەوی پێوە دیارە.

## هنری لۆرانس H.Lourens 1954-1885

ئـەم هونەرمەنـدە بەشـداریکردووە لـە پێکەوەگرێـدانی هونەرمەنـدە تەکعبیەکان بە هونەری پەیکەرسازی مۆدێرنەوە، قۆناغی کارکردنی بەستێڵی کیـوبیزم دەکەوێتـە نێـوان(1913-1925). لـۆرانس لەگـەڵ بـراك

ساڵی(1911) یەکتریانناسی، و ساڵی(1912) پەیکەری ژنێکی بەئەنجام گەیاند، ئینجا دەستیدایە کارکردن بەکەرەسەی جیاواز، کارەکانی خۆی لە گالێری(جوداخوازەکان)نمایش کرد، قۆناغی کارکردنی بەستێڵی کیوبیزمی شیکاری دەکەوێتە نێوان(1913-1925)، بەڵام پاش ئەوە سوود لە هێڵی چەماوە وەردەگرێت بۆ بەدەرخستنی لایەنی ستاتیکی جەستە ڕووتەکانی، ئەم خەسڵەتەش لەنێو پەیکەری(خانمێکی ڕاکشاو)دا (شێوەی 36) بەدەردەکەوێت. شێوەی ڕاکشانی ئەم پەیکەرە بەشێوەدانانێکی داهێنراو دادەنرێت لە مجۆرە بابەتانەدا، لە ساڵی(1926)ەوە پەیوەندی کرد بە پەیکەرساز(مایول) و ڕوویکردە دروستکردنی پەیکەری ژن، لە نێو پەیکەرە بەردینەکانیدا کە لە ماوەی(1939 تا 1944) دروستی کردووە تێبینی ئەوەدەکرێت کە تەعبیری لەلایەنی سۆزداری کردووە، سەرەڕای هەبوونی نەبزۆکی لە جەستەکەدا، بەڵام لایەنی خەیاڵی شاعیرانە لە نێو ئەم پەیکەرانەدا دەبینرێت، وەك پەیکەری(بوکەکان)کە لە ساڵی 1937 دروستیکردووەو پەیکەری(ژن و باڵندە) و(پۆرترەیتی ژنێك) (شێوەی 37).

دەتوانین گرنگترین ئەو خەسڵەتانەی کە کیوبیزم تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بەدەستی هێناوە بەم شێوەیە دیاری بکەین:-

یەکەم:- گرنگیدان بەکاری هونەری شێوەکاری، لەسەربنەمای ئەندازەی تەلارسازی، لێرەدا زیاتر گرنگی دەدرێت بەزمانی فۆڕمەڵەکردنی ڕەگەزەکان، وەك لەوەی گرنگی بدرێت بە کۆپیکردنەوەی جەستە واقعیەکان.

دووەم:- بەدەرکەوتنی تیۆری هونەری شێوەکاری، کە تەنیا پشت بە بنەماکانی هونەر خۆی دەبەستێت، لە کاتێکدا جاران پشتی دەبەست بە هۆکاری وەکو ئایین و ڕامیاری و ...هتد.

سێهەم:- فێرکردنی سەرجەم نەوەکان، کە لە دیدەنیگای دنیای شێوەکاریەوە، سەیری کارە هونەریە شێوەکارییەکان بکەن و زیاتر تێگەیشتنیان هەبێت بۆ هەندێ لە پرەنسیبەکانی داهێنان.

چوارەم:- بەدەرکەوتنی ڕەگەزگەلێکی شێوەکاری پڕ لە خەسڵەتی ناوازە، کە لەگەڵ بەکاربردنی ستێڵی کیوبیزمدا بەدەرکەوت، لەوانەش شفافیەت کە هەندێ فۆڕم لەتەك ئەوانی دیکەدا بەدەردەخات.

پێنجەم:- کارە تەکعیبیەکان لە دەرەنجامی سروش وەرگرتن لە بابەتگەلێك لە هونەری زنجی، هێزێکی تەعبیری گەورەی تێدا بەدەرکەوت، هەندێك لە هونەرمەندەکان لەلایەنی تەعبیریان سانا کردەوە و گۆڕیان بەکاری زەخرەفی.

## بزاڤی ڤیوچەریزم ( موستەقبەلیەت )

کاتێك کیوبیزم لـە بونیـادی کارەکانیـدا، لـە پـاریس، سـەرقاڵبوو بـە پرۆسەکانی شیکاری و کۆنستراکشنەوە، ئەوا لە ڕۆمـا شـەپۆلێکی تونـدی هاوتەریب هاتەکایەوە کە سوودی لە کیوبیزم وەردەگرت، بەڵام جەختی لەسەر هۆکارێکی نوێ دەکردەوە، ئەویش هۆکاری(جوڵە)بـوو. بـەمجۆرە بیرۆکەکـە گەڵاڵەبوو کە دواتر بە ڕادەیەکی گەورە لەسەر دەستی هونەرمەندەکان گەشەی کرد، وەکو (دۆشامب) و (ئەمبرتۆبۆتشیۆنی) و ئەوانی دیکە.

کیوبیزم لە میانەی سستمە شیکاری و بینائیەکەیەوە زیاتر جەختی لەسەر لایەنی تەلارسازی دەکاتەوە لە نێوکاری هونەریدا، بەڵام ڤیوچەریزم پێی وابوو هەر بەتەنیا ئەوە بەس نیە، لە سەردەمێکدا کـە گشتی جوڵەیـە، بـەڵکو ئامێرەکان تاڕادەیەکی زۆر هەژموونیان هەیە بەسەر هەموو ئەو شتانەی کە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاریاندەبات.

لەبەرئەوە ڤیوچەریزم ڕێبازێکی ستاتیکی لـە نێـو هـەناوی کیوبیزمـدا دیتەوە، بەڵام هیواخوازبوو کە ژینگەیەکی دینامیکی پێکبهێنێت کە تەعبیر لە ڕۆحی سەردەمی ماشێنەکانی بکات.

لە ساڵی(1914) بۆتشیۆنی پەرتوکێکی دەرکرد، کە بۆچوونەکانی خۆی و دیدگاکانی لە میانەی فۆڕم و ڕاستیەکانەوە تیادا بەرجەستە و ڕوونکردۆتەوە، بەڵام کە جەنگ لە هەمان سـاڵدا بـەرپابوو، ئـەم بزاڤـەش هەڵوەشـایەوە، هەرچەندە ڤیوچەریزم زۆر درێژەی نەکێشا، بەڵام بەشداریکردنی سەبارەت بە

جولانەوە مۆدێرنەکان لە نێو هونەردا زۆر گەورەبوو، گرنگی ڤیوچەریزم لەوەدایە کە توانی فۆڕمێکی وەها بدۆزێتەوە کە گونجاوبێت لەگەڵ سروشتی ئەو سەردەمەی کە تیایدا دەژین، لەسەروشیانەوە گرنگیدان بە مرۆڤی سەدەی مۆدێرنە.

## ئەمبرتۆ بۆتشیۆنی U.Boccioni 1882-1916

بۆتشیۆنی پێشەنگی هونەری پەیکەرسازی ڤیوچەریزمی کرد، لە میانەی گرنگیدانی بە ڕەهەندی جولەی فۆڕمەکان و تەعبیرکردن لێیانەوە لە بۆتەی فۆڕمە پەیکەرەکانیەوە، کە بەدارِشتنێکی داهێنراو بە ئەنجامی گەیاندووە، لە ناودارترین کارەکانی(فۆڕمی ناوازەی بەردەوام لە نێو فەزادا) کە جولەی بە هەڵپەی پەیکەرەکەی تیادا بەرجەستە کردووە(شێوەی38).

## پەیکەری فۆڕمە ناوازەکان لە بۆشایدا :- (وێنەی 38)

(هربرت رید H. Read) دەربارەی ئەم پەیکەرە وەها دەبێژێت:"ڕوینەداوە، کە هونەرمەندێك لە هونەرمەندەکانی ڤیوچەریزم، بەڕادەی بۆتشێونی خولیای ئافەریدەکردن و هەستی شێوەکاری بێت، کە لەم پەیکەرەدا بەرجەستەیکردووە". ئەم پەیکەرە(جولە)ی بەرجەستەکردووە، کە زۆرجار هونەرمەندان لە سەدەکانی پێشوودا کاریان بۆ کردووە، بەلام بۆتشێونی

بەچەمکێکی سەردەمیانە تەعبیری لێکردووە، کە پرەنسیبەکانی لە سەردەمی ئامێرو تەکنۆلۆجیاوە وەرگرتووە. هەروەها هونەرمەند دیدگاشێوەکاریەکانی کردۆتە ئامرازێك بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی.

کارەکانی لە نێوان بینگەی هزری و شێوەکاریدا کۆکردۆتەوە و، بۆتە نموونەیەکی ئافەریدەکار، لە پراکتیزەکردنی هزری ڤیوچەریزم لە بۆتەی شێوەکاریدا، هونەرمەند ڕەگەزە قەوارەییە پێکهێنەرەکانی جەستەی مرۆڤی خستۆتە ژێر ڕکێفی پەیوەندیەکان و بارستە پەیکەرییە پڕ لە جوڵە شێوەکاریە پەتیەکان. ئامانجی بۆتشیۆنی لەم پەیکەرەدا شاردنەوەی ڕواڵەتی جەستە نیە بەهەندی ئەوەی هەوڵیداوە گرنگیبدا بەبەرجەستەکردنی جوڵە لە بۆتەیەکی دینامیکیدا، ئەمەش لە مانیفێستی فیوچەریزمەکاندا جەختی لە سەرکراوەتەوە، کە بۆتشیۆنی تیایدا ئەو ڕێوشوێنەی ئاشکراکردووە کە پێویستە پەیکەرسازەکان بیگرنەبەر: "پێویستە لەسەر پەیکەرساز کە ژیان ببەخشێتە شتەکان، وابکات کە درێژبونەوەی لە نێو بۆشایدا ببێتە شتێکی بەڵگەدار... کاربکات بۆ کۆتایی پێهێنانی تەواو و ڕەهای هێڵە سنوردارەکان و پەیکەری داخراو، دەبێت فۆڕم بکەینەوەو بەباروودۆخی دەرەکی چواردەوری بگرین.

بەمجۆرە هونەرمەند ڕۆڵی بۆشایی لەبونیاتنانی فۆڕمەکان و گرنگی لە دەرخستنی نا سنورداریێتی و ناجێگیرێتی جەستە داخراوەکان لە نێویدا ئاشکرادەکات، هەروەها ئامانجی خۆی لە داڕشتنی فۆڕمە درێژەوبوەکان لە

نێو بۆشـایدا بـەدەردەخات، بارسـتەی پەیکەرەکـە هـەروەك لـە نێـو وێنـە ڕوونکراوەکەدا دەیبینین درێژبۆتەوەو هەڵمەتی بردووە لە نێو بۆشایدا. ئەمەیش بەحوکمی ئەو داڕشتنەیە کە هونەرمەند پەیکەرەکەی لەبارێکی شاقوڵی لەسەر زەوی داناوە. ئەم درێژبونەوەیەش جەخت لەسەر ئەو کارلێکردنە هارمۆنییەی نێوان جوڵەی پەیکەرەکە بەرواڵەتە ماددیەکەیەوەو، بۆشایی دەوروبەرەکەی دەکاتەوە. بۆشاییەکە زیندوێتی جوڵەی قەوارەکان بەدەردەخات، بەجۆرێك کراوەیی قاچەکانی لەگەڵ چەمانەوەی بارستەی ناوقەدی پەیکەرەکە وایکردووە، پەیکەرەکە بە جۆشەوە بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت، ئەم هەنگاوەش وایکردووە قـەوارەی سـنگی پەیکەرەکـە بەرەوپێـشەوە دەرپـەڕێت، بـەڵام هونەرمەنـد دەستەکانی لەنێو جەستەی پەیکەرەکـەدا ئیختیزالکـردووە. لـە کاتێکـدا گرنگیداوە بە قەوارەی قاچەکان لەبەرئەوەی بناغەی جوڵەو دەرچوونە، هەروەها زیادەڕۆیکردووە لە کردنەوەی قاچەکانیدا، تاکو جەخت لەسەر بەجۆشـی و بـەردەوامی جوڵــەی قاچــی پێـشەوەو، هەســتکردن بەبــەهێزی کرانــەوەو درێژبوونەوەو بەردەوامی قاچی دواوەی لەگەڵ قاچی پێشەوەی لە نێو بۆشایدا بکاتەوە.

بۆتشیۆنی، هاوشێوەی کڵپەی ئاگر، هەستاوە بە فۆرمەڵەکردنی قەوارەی بارستەی پەیکەرەکە، کە هەستی پەرشوبڵاوی جلوبەرگی مرۆڤمان دێنێتە پێش چاو، کاتێك بە هۆی ڕاکردنیەوە، پڕدەبێت لەباو، بەرەودواوە دەشەکێتەوە،

بەمەیش ئامانجی خۆی کە ئازادکردنی پەیکەرەکەیە لە نەبزۆکی، هێناوەتە دی.

## بزاڤی ئەبستراکت ( تەجرید )

دەستەواژەی ئەبستراکت(تەجرید)، لە نێو هونەردا، بەو شێوازە هونەریە دەوترێت، کە هونەرمەند تیایدا لە کۆپیکردنەوەی فۆڕمەکانی سروشت دوردەکەوێتەوە، پرۆسەی ئەبستراکت لە نێو هونەردا، لەبەرەبەیانی مێژووەوە ناسراوە، بەجۆرێك ئەبستراکت لە نێو هونەری میسری دێرین و هەندێ لە هونەری جیهانی دێرین بەدیدەکرێت. هەروەها ئەبستراکت گرنگترین خەسڵەتی هونەرییە، کە لە نێو هەندێ لە قوتابخانە هونەرییە ئیسلامیەکاندا بوونی هەیە.

دەستەواژەی(ئەبستراکت-تەجرید-) لە نێو هونەری شێوەکاری هاوچەرخدا هەرتەنیا بریتینیە لەبەرجەستەکردنی گەوهەری فۆڕمی سروشتی لە فۆڕمێکی نوێدا، بەڵکو بەوجۆرە هونەرە دەوترێت کە واز لە فۆڕمی سروشتی دێنێت، دەربارەی ئەم دەستەواژەیە گفتوگۆی بەردەوام لە نێوان ڕەخنەگرو هونەرمەندەکاندا هەیە. بەجۆرێك ساڵی(1910) تابلۆو کاری پەیکەرسازی وەها بەدەرکەوت، کەپشت بەواقعی سروشتی نابەستێت بەڵکو ئامانجی بەدەستهێنانی دەرەنجامی هونەریە لە میانەی (فۆڕم و هێڵ و پنت)ەوە.

لەبەرئەوە دەبینین کە ڕەخنەگرو هونەرمەندەکان بەردەوامبوون لەگەڕان وەدوی ئەڵتەرناتیڤێکی وەسفی بۆ دەستەواژەی(ئەبستراکت)، تاکو گەیشتنە دەستەواژەی(بەبێ فۆڕم). دوور لە کۆپیکردنەوەی واقعی سروشتی، هەرچیەك

دەربارەی(ئەبستراکت بوترێت، بابەتەکە کۆتایی نایەت، چونکە ڕەهەندی زۆر لە خۆدەگرێت، هونەرمەندەکانی سەدەی بیستەم و ئەوانەی پێش ئەمانیش هەوڵیانداوە کەچارەسەری بکەن، تائێستاش ئەم چەمکە چارەسەری نوێ لە خۆدەگرێت کە لە داهاتوودا بەدیاردەکەوێت.

مانا گشتیەکەی ئەم دەستەواژەیە کە پێویستە لە پلەی یەکەمدا باسی لێوەبکرێت: ئەوەیە کە هونەر چەندێك جیاوازبێت لە ڕواڵەتدا، بەڵام بنەماکەی هەر ئەبستراکتە، لەبەرئەوەی کە ئەبستراکت چەند لایەنەیەو، چەندین هونەرمەند لە ژێر ڕکێفی خۆیدا کۆدەکاتەوە، کە هەریەکەیان ڕەوتی خۆی هەیە لە پەیڕەوکردنیدا. گەرباس لەم بابەتە بکەین باشتروایە چەند ڕەوتێك لە بزاڤی تەجریدی هەڵبژێرین و بەلایەنی کەمەوە پێشەنگی هەریەك لەو ڕەوتانەش بناسێنین، وەکو (تەجریدی ئەندامی -تەجریدی تەعبیری- تەجریدی ئەندازەیی- تەجریدی بزاو).

## تەجریدی ئەندامی :-

بریتیە لەو ئەبستراکتەی کە لە نێو بەشەکانیدا هەست بەبوونی ژیان دەکرێت لە نێو سروشتی فۆڕمە تەجریدکراوەکاندا، بەدەر لەمەدلولە (چاوەکیەکانی)، تەجریدی ئەندامی مانای هەبوونی خەسڵەتی جوڵاوە دەگەیەنێت لە نێو ڕەگەزەکاندا، باشترین نموونەش لەسەر دیاردەی تەجریدی

ئەندامی کارەکانی(هنری مۆر)ە. بەجۆرێك کە فۆڕمەکانی خۆی لە پاشماوەی دەریاو لول پێچ و هەندێ تۆخمی سروشتی وەردەگرت، وەکو سەوزەوات و ڕەگو ڕیشەی ڕووەك و شتی لەو جۆرە. دەستەواژەی(ئەندامی) مانای تەعبیرکردنە لە خەسڵەتی جەستەی زیندوو، چاو بریتیە لە کونێك لە جەستەیەکی دەوروبەردا، کە تەجرید دەکرێت بۆ نموونە دەبێت بە کونێکی بازنەیی یان هێلکەیی یان کەوانەیی لەسەر جەستەیەکی ئەندازەیی، کە پەیوەندی نێوان بەشەکی و هەمەکی بەدەردەخات، هەروەك ئەوەی کە لە بونەوەرە زیندووەکاندا هەیە. لەبەرئەوە کونە بازنەییەکانی نێو بارستەیەك هەستێکی ئەندامی دەبەخشێت، لێرەشدا هەندێ لە کارەکانی(هنری مۆر)، کەدەچێتە خانەی هونەری تەجریدی ئەندامیەوە وەردەگرین.

## هنری مۆر ( H.Moor- 1898-1986 ):-

هنری مۆر لە(کاسلفۆیرد) لە ئینگلتەرە لە دایك بووەو، بەمەزنترین پەیکەرسازی سەدەی بیستەم دادەنرێت لەدوای کۆتایی جەنگی گەردوونی یەکەمەوە، بەهۆی بڕوابوونی بە خۆی و پتەوکردنی پێگەی خۆی لەکایەی هونەریدا، ئەمەیش بەڕونی لە نێوکارەکانیدا بەدەردەکەوێت. بەجۆرێك بەهێزی ویستی کەسایەتی هونەرمەند بەسەر(ماتریاڵ و فۆڕم)دا هەژموونی هەیە، کە هەر پەیوەستبوونێك بە هەر کۆت و ڕێسایەکی کلاسیکییەوە ڕەتدەکاتەوە،

گرنگترین شتیش بەلای ئەوەوە سروشت و وەلاّمدانەوەی ڕاستگۆیانەیە لەتەك ماتریالّدا، ماتریالّی بەکاربراو بەواتای ئەوەدێت کەماتریالّ ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە بەخشینی قەوارەی تەعبیرکردنەکەدا، بیرۆکەی فۆرمەلّەکردن و ماتریالّی بەکاربراو، لە ئاوێتە بوندا هاوشانی یەکدی گەشەدەکەن.

ئەگەر ئەو ماتریالّە بەردێك بێت، ئەوا ئەو بیر لە بنیاتنانی بەردێك بەهێزی سروشتی وەکو باو ئاودەکاتەوە. بەئاوایەکی دی ئەم هێزانە بە تێپەڕبوونی کات، چەندین خەسلّەتی خۆڕسکی، خودی بەرد، بەدەردەخات. لە کۆتایشدا پرسیار لە خۆی دەکات کەکامە فۆڕم باشترە، کە لە نێو بارستەی ئەو بەردەدا دابنرێت کە لە بەردەمیدایە.

ئەگەر ئەو فۆڕمە بۆ نموونە فۆڕمی ژنێکی ڕاکشاوبێت، ئەوا خەیالّ لەوەدەکاتەوە ئاخۆ فۆڕمی ئافرەتێکی ڕاکشاو چۆن بێت، کاتێك گۆشت و خوێن بگۆڕێت بە بەرد. لەو ڕوانگەیەوە، پەیکەرسازی بریتنیە لە پرۆسەی دووبارەکردنەوەی فۆڕم و ڕووخسار، بەلّکو لە پلەی یەکەمدا(وەرگێڕانی مانایە) لە ماتریالّێکەوە بۆ ماتریالّێکی دیکە، لە گرنگترین پەیکەرەکانی(هنری مۆر)دا کە بەرهەمی هێناون، فیگۆراتە ڕاکشاوەکانێتی، هۆکاری گرنگیدانی بەم حالّەتە ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کارەکە ساناتر خۆی بدات بەدەستەوە، هنری مۆر، هەولّیداوە جۆرەها تەعبیر لە نێو پەیکەرەکانیدا

بەرجەستە بكات، بێ ئەوەی بەتەواوی لە خەسڵەتی مرۆیی دورکەوێتەوە، ئەم حاڵەتەش لە نێو پەیکەری(ژنێکی ڕاکشاو)دا بەدەردەکەوێت. (شێوەی 39).

## پەیکەری کەسێکی ڕاکشاو :- ( شێوەی 40 )

ئەم پەیکەرە بینگەیەکی تەعبیری سوریالی لە داڕشتنی فۆڕمی مرۆڤدا دەنوێنێت، هنری مۆر، بارستایی جەستەی مرۆڤی بە وردەکاری و ڕێژەی توێکارییەکانیەوە، لە نێو بونیادێکی زیندوو، لە میانەی لابردن و موبالەغەکردن و لادانەوە تێکەڵاوکردووە. هەروەها بەشێك لە ئەندامەکانی بە گەورەتر پیشانداوەو، بارستەی پەیکەرەکەشی لە ڕێی ڕەگەزی(بۆشای) و قوپاویەوە سمیوە، لە پێناو ئەوەی کە لە ڕێی جوڵەوە، دەوڵەمەندی ببەخشێت بەپەیکەرە ڕاکشاوەکە، کە لە بارێکی ئاسۆیدا درێژبۆتەوە، هەر ئەو درێژبونەوەیەو جوڵەی ڕاکشانەکەی لەسەر بنکەی پەیکەرەکە، چەند بۆشاییەکی دیکەی لێکەوتۆتەوە، کە پاڵ بە قەوارەی قاچەکانی و ناوچەی سنگیەوە دەنێت بەرەو سەرەوە، بەمەیش لە نێو بونیادی پەیکەرەکەدا بۆشایی پێکدێت، کە بە ڕیتمێکی هارمۆنی، بەردەوام لەتەك بۆشایی دەوروبەری بارستە فۆرمەڵە کراوەکە کار لێکدەکەن، کە لە دەرەنجامی جوڵە ناوەکیەکانی نێو پەیکەرەکەوە هاتۆتە گۆڕێ، کە دواجار بڕێك لە سەربەستی تێدا بە دەردەکەوێت، هەرچەندە کە شانیشی لەسەر زەویەکە دایاوە.

هەروەها جۆرەها بۆشایی لە نێوان قاچەکانی و دەستەکانیدا خولقاندووە، لە پێناو جەختکردنەوە لەسەر جۆرەها جوڵەی بەردەوامی سوڕانەوەی قەوارەکان و جوڵەی پڕ لە ژیانی ئاڵوگۆڕکراوی نێوان قۆقزی و قوپاوی سەر ڕووبەرەکە، کە لە دەرەنجامی فشاری ئەو هێزە ناوەکیە بەردەوامانەی کە لە نێو جوڵەی پاڵپێوەنانی قەوارە ڕاکشاوەکەدایە، دروستبووە.

ئەم پەیوەندیانەشی بەمەبەستی بەخشینی بەرزی و نزمی جۆراوجۆر لەسەر پێکهاتەی پەیکەرەکە خولقاندووە. ئەمەیش لەلایەك گرنگیدانی(هنری مۆر) بەداڕشتنی هەمەکی قەوارەکان و، فەرامۆشکردنی وردەکاری تویکاری ڕووبەری پەیکەرەکە بەدەردەخات و، لەلایەکی دیکەشەوە گرنگیدانی بەو بارستانە پیشان دەدات کە بارگەی تەعبیری ئاوێزان بە خەیاڵی لە خۆگرتووە.

## تەعبیری تەجریدی:-

کاندنسکی، پێشەوایەتی ئەم بزاڤەی لە ئەوروپا کردووەو، تەجریدی تەعبیری لە ئەوروپا لە ساڵی(1910)ەوە بەدەرکەوتووە، ئەوکاتەی کە(کاندنسکی) لە ئەڵمانیا یەکەم تابلۆی تەجریدی خۆی لە ژێر ناوی(تەجرید)دا نمایشکرد، بەڵام ئەمجۆرە نیگارکێشانە دەگەڕێتەوە بۆ تەعبیری تەجریدی، کە هونەرمەند داهێنانەکانی خۆی لەگەڵێك هۆکاری تایبەت بە خۆیەوە وەردەگرێت، کاندنسکی ئەم ئەزموونە نوێیەی خۆی لە نیگارکێشاندا

بە میوزیك دەچواند، باس لەوە دەكات كە ڕەنگ و فۆڕمە ئەبستراكتكراوەكان دەتوانن تەعبیر لە سروشت بكەن، هەرچۆن دەنگەكان تەعبیر لە میوزیك دەكەن.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە تەجرید كاتێك لە سروشتی واقیع بەدووردەكەوێتەوە، ئامانجی ئەوە نەبووە كە تەعبیر لەمانایەك بكات، كەچی خەڵكی واڕاهاتوون كە فۆڕمەكانی نێو سروشت وەك سیمبۆڵ و دەلالەتێك ببەستن بەو سیمبولانەوە، تەعبیر وەك خەسڵەتێك لە خەسڵەتەكانی هونەری شێوەكاری، بەمانای پرۆسەی(پێڕاگەیاندن)دێت كە لە میانەی فۆڕمە هونەریەكانەوە ڕوودەدات، پێڕاگەیاندن بەمانا شێوەكاریەكەی، نەك بەو مانایەی كە بیبەستینەوە بەشتە بینراوەكانی نێو سروشتەوە، واتە كاتێك خودی ڕەنگ و فۆڕمەكان دادەڕێژرێن، مانایەكی شێوەكاری دەخوڵقێنن، ئەم مانایە جیاوازە لەو مانایانەی كە پشت دەبەستن بەشتە بینراوەكانی نێو سروشتەوە، هەندێك وادەزانن كە تەجرید تەنیا پانتایی ئەندازەیی ڕیزكراوەو، مانایەك لەپشتەوەیدا بەدیناكرێت، ئەو كەسانە لەوبارەیەوە ڕاستدەكەن. گەر مەبەستیان لەو بانگەشەیە ئەو مانا بەصەریانە بێت كە یەكسەر لە تەماشاكردنیاندا شتەكان و بونەوەرەكانی نێو واقعی پێدەناسینەوە.

لە نێو ئەم تەجریداتانەدا، لە مجۆرە مانایانە لە هەندێك حاڵەتدا بەشێوەیەكی ڕەمزی دەمانگەڕێنێتەوە بۆ شتەكانی نێو واقع. بەڵام ئەوەی

بەدەرکەوتووە، ئەوەیە کە بیرۆکەی تەعبیر زۆر لەوە گشتگیرترو بەرفراوانترە، کە بیبەستینەوە بەو بابەتانەی کە مۆرکێکی(بەصەری) واقعیان هەیە، فۆرمە تەجریدکراوەکان لە توانایاندایە کە هەڵگری تەعبیرو مانای تایبەتی خۆیانبن، کە پەیوەست نەبێت بەشتە بینراوە پەتیەکانی نێو واقیعەوە.

## پەیکەری خێزان :- ( شێوەی 41 )

ئەم پەیکەرە یەکێکە لە گرنگترین ئەو کارانەی تایبەتە بە کۆبونەوەی خێزان، کە بە ماتریاڵی برۆنز ئەنجامدراوەو لە مۆزەی هونەری مۆدێرن لە نیویۆرك نمایشکراوە، لە نێو ئەم پەیکەرەدا(هنری مۆر) گەڕاوەتەوە بۆ نێو سروشت، دەبینین کە خۆشەویستی و پەیوەندی بەهێز لە نێوان دایك و باوکەکەدایەو، هاوکاری یەکدی دەکەن لە هەڵگرتن و یاریکردن لەگەڵ منالەکەیاندا، هەروەها ڕواڵەتی دەم و چاویان تەعبیرێکی مرۆیی ناسکی پێوەدیارە، بێجگە لەوەی کەناو قەدیان چەماوەتەوەو، پەیوەندیە گرێدراوەکانی نێوان دەستەکانیان و منداڵەکە، لە نیوەی بەشی سەرەوەی پەیکەرەکە ڕیتمێکی هارمۆنی پێوەدیارە، هەمان هارمۆنیەت لە نێو پۆشاکی دایکەکەو چەمانەوەی قەدی قاچەکانی، لە نیوەی پێکهاتەی بەشی خوارەوەی پەیکەرەکە دەبینرێت، هەروەها هارمۆنیەت لە نێوان بۆشایی نێوان قاچی دایك و باوکەکەو

بۆشایی ئەو کورسیەی کە لەسەری دانیشتون دەبینین، گروپەکە بە شێوەیەکی گشتی تەعبیر لە خێزانێك دەکات کە لە ساتێکی پڕ لە تێڕامان و پشوودان.

## کۆستانتین برانکۆزی( 1876-1957 ):-

ئەم هونەرمەندە بەوە بەناوبانگە، کە جۆرەها ماتریالّی بەکاربردووە، وەکو(مس، مەڕمەڕ، بەرد)، لە گرنگترین کارەکانی پەیکەری(ماچ)ە،(شێوەی 42) ، کە لە بەردی(جیری) دروستکراوەو لە مۆزەی(فلادلیفا) بۆ هونەر نمایشکراوە، پەیکەرەکە بریتیە لە بەردێك لەسەر شێوەی دوولاکێشەی هاوتەریب بەیەکدی، برانکۆزی فۆڕمەکانی لە شێوەی پیاوژنێکدا دیاریکردووە، کە باوەشیان بەیەکدیدا کردووەو، بەدەستەکانیان ئامێزیان بۆیەکدی کردۆتەوەو، چاو و لێوەکانیان لە هەمبەر یەکتریدا ڕاگرتووە، بەلاّم چاوەکان وەکو چاوێك بەدەردەکەون، لەگەلّ ئەوەی بارستەکە لاکێشەییە، بەلاّم برانکۆزی تاڕادەیەکی زۆر زیندوێتی پێبەخشیوە، زولّفی هەریەك لە پیاو و ژنەکە بە پرچێکی شەپۆلاوی هاوتەریب و بەرامبەر بەیەکدی هۆنراوەتەوە، زولّفی ژنەکە بەشێوەیەکی تایبەتی تاکۆتایی پشتی درێژبۆتەوە، لە بنچینەدا ئەم پەیکەرە بۆ ئەوە دروستکراوە کە وەك پەیکەرێکی یادداشتی ماتەمینی لە گۆڕستانی(مونبارناس) لە پاریس دابنرێت.

هەندێك لە کارەکانی قۆناغی یەکەمی دەچنە خانەی هونەری کیوبیزمەوە، بەڵام دەبینین پاش ئەوە، برانکۆزی ئەوەندەی پێنەچوو، هەنگاوێکی بوێرانەی لە کارەکانیدا گرتەبەر، بە جۆرێك گۆڕا بۆ دوو ئاراستەی زۆرجیاواز لە یەکدی.

یەکەمیان:- پەیکەر یان فۆرمەڵەکردنی فۆرمی سانای ڕێکخراو لە میانەی بەکاربردنی بەردوکانزاوە، ئەم ستایڵە سانایە کە زۆر گۆڕانی لە هێڵەکانیدا کردووە، لە نێو پەیکەری(خانمی بوگانی) (شێوەی 43) بەدەردەکەوێت، هەروەها بە ڕونی کاریگەری هونەری ئەفریقی پێوەدەبینرێت، بەڵام ڕێبازی دووەمیان: کە دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە نێو کارەکانی(برانکۆزی)دا هەیە، بریتیە لەو ستایڵە بدائیەی کە سەرسام بوو پێی، کارەکەشی لە بۆتەی داربەڕویەکدا بەرجەستەکردووە. لە نێو ئەم کارانەیدا هونەری ئەفریقی کەلەو ماوەیەدا جێگەی سەرسامی بوو لە پاریس، ئاوێتەی هونەری تەجریدی دەکات. ئەم ستایڵە بدائیەش کە برانکۆزی پێدەناسرێتەوە، لە نێو پەیکەری(ئادەم و حەوا)دا بەدەردەکەوێت. (شێوەی 44).

برانکۆزی تا کۆتایی ژیانی، بەردەوام هەوڵیدەدا، کارەکانی لە میانەی پرۆسەی(ئیختیزالەوە) بەئەنجام بگەیەنێت. پلە بە پلە ئەو وردەکاریە زیادانەی لادەبرد، کە دەبوونە هۆی لاوازکردنی پەیکەر، بارستەی پەیکەرەکانی بەوپەڕی سەلیقەو توندوتۆڵیەوە داڕشتووە، هەنگاوێکە بۆ تەعبیرکردنی پێش وەخت سەبارەت بە بینگەیەکی بەرفراوان.

**ئەبستراكتی ئەندازەیی:** - ئەم ڕێبازە پشت بە ئەندازە دەبەستێت، واتە بەکاربردنی هێڵی شاقوڵی و ئاسۆیی و فۆڕمی لاکێشەیی و چوارگۆشەیی و بازنەیی، ئەم ڕێبازە سودی لە ڕێبازی کیوبیزم بینیوە بەجۆرێك هەموو فۆڕمێکی نێو سروشت لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ فۆڕمی ئەندازەیی: چوارگۆشەو لاکێشەو بازنەیی و گۆیی و شەشپاڵویی. بەڵام کیوبیزم ڕێبازەکەی خۆی تا دوامەنزڵ نەبرد تاکو لە خەسڵەتی فۆڕمە سروشتیەکان دورکەوێتەوە، تاکو ئێستاش لەمومارەسەکردنیدا دەتوانین ئەو سەرچاوانە بناسینەوە کە ستیلایفێك یان وێنەی مرۆڤێکی پێدروستکردووە، بەڵام ئەبستراکتی ئەندازەیی هەر لە سەرەتاوە پشت بە هۆکاری ئەندازەیی دەبەستێت: ڕاستەو سێگۆشەو پرگاڵ.

هەموو دیاردەیەکی گەردوون دەگەڕێتەوە بۆ بنەمای ئەندازەیی، هەرشتێك لەسەر زەوی جێگیربێت خەسڵەتی(شاقوڵی) لە خۆدەگرێت، ئیدی لە زەویەوە هەڵچوبێت وەکو ئەو جۆرەها درەختانەی کە دەیانبینین یان لەسەر زەوی بونیاتنرابێت وەکو شتە دەستکردەکان.

شاقوڵی یەکێکە لە خەسڵەتەکانی بوون لەسەر زەوی، بەڵام درێژبوونەوەی زەوی خەسڵەتی نەگۆڕ دەبەخشێت کە پێی دەڵێین(ئاسۆیی). ئەم حاڵەتە ئاسۆییە بریتیە لە ڕێبازی درێژبونەوەی ڕووبەری زەوی، بەرەوئاسۆیەکی ڕهاو بێکۆتایی، بەمجۆرە هونەرمەندانی سەربەڕێبازی ئەبستراکتی ئەندازەیی

پرەنسیبەکانی خۆیـان لـە سروشـتەوە وەرگرتـووەو، گۆڕیویانـە بـە ڕیتمـی شێوەکەوانەیی و لاکێشەیی و چوارگۆشەیی، لە پێناو بەدەستهێنانی جۆرها ڕیتم ڕێکیانخستووەو، بۆتە یاسایەکی ئەندازەیی پێکهێنانی گشت فۆڕمەکان، هەروەها فۆڕم لە چوارچێوە باوەکەی خۆی قوتارکرا تاکو ڕێڕەوی پشت بەستن بەهێڵی شاقولّی و ئاسۆیی بگرێتەبەر، هەر هونەرمەندەو شێوازی ئەندازەیی خـۆی پـەیڕەودەکرد لـە تەجریدکردنـدا، هەنـدێك جـار بـە جەختکردنـەوە لەسەر(تێکسچەر) و، هەنـدێك جـاری دیکـەش بـە جەختکردنـەوە لەسـەر ڕەنگەکان، یان زۆرجار بەرجەستەکردنی ئەندازەیی پەتیان پەیڕەودەکرد. ئەو هونەرمەندانەی کە ئەم ڕێبازەیان بڵاوکردەوە بریتین لە(نائوم جابۆ) و (باربارا هیپۆرس) و (لویس نلفس).

## **نائوم جابۆ**( 1890-1977 ):-

جا بۆ پشتبەستن بەو دیراسەیەی کە خوێندبووی، بیری لـە ئـازادکردنی پەیکەر لە ڕێسا دێرینەکان کردەوە، لەبەرئەوە دەبینین دیزانیەکانی بەستایلی ئەبستراکتی ئەندازەیی دەناسرێتەوە، ئەمەیش هانیـدا لـە بـۆ پێشخـستنی دروستکردنی ماتریالّی پلاستیك لەوکاتەدا، لەبەرئەوە پاش دیراسەکردنی سروشتی ئەو ماتریالەو ڕادەی پەیوەندی بەبۆشاییەوە سودی لێبینی. (جابۆ) لە ماتریالّی پلاستیك چەندین فۆڕمی ئەبستراکتی ئەندازەیی پێکهێنا، هەروەها

ماتریـالّی شوشـەی لـە نێـو هەنـدێك لـە كارەكانیـدا بـەكاربردووە وەكـو پەیكەری(پێكهاتەیەك لە نێو فەزای سەنتەرێكی كریستالّیدا).

(جابۆ) لە ماتریالّی پلاستیك فۆڕمی ئەنـدازەیی زۆری دروسـتكردووە، باشـترین نموونـەش لەوبارەیـەوە(پێكهاتەیـەكی هێـلّ ئـامێز لـە نێـو هەوادا)یە،(شێوەی 45) بەجۆرێك هونەرمەند دەزووی پلاستیكی بەچەندین ئاڕاستەی جۆراوجۆر بەكاربردووە، كە هەندێك جار یەكتری پێداپۆشیون، كە ماناو ئاوازی پێبەخشیوەو، تیایدا جەختی لەسەر چڕێتی دەزوولـەكان و ئاڕاستەكانیان كردۆتەوە، بەمەیش چەندین مانای نوێی لیّ پەیدابووە، بەلاّم قەوارەی هەمەكی كارەكە بەگشتی شێوەیەكی ئەندازەیی هەیە.(شێوەی46).

## پەیكەری مۆبایل(ئەبستراكتی جولاّو):-

ئەلكساندەر كالّدەر، بەهۆی پەیكەرە هەلّواسراوە تەجریدییەكانیەوە كەپێی دەلّێن(پەیكەری مۆبایـل- جـولاّو)،بـووە پێـشەوای ئـەم ڕێبـازە. لـەكاتی هەلّواسینی ئەم پەیكەرە هەلّواسراوەدا، بەهۆی هێزی(با)وە دەست بەجولاّن دەكات و پارچەكانی دەسـوڕێنەوە، هـەروەها بـەهۆی ئـەو ڕووناكیـەی كـە دەكەوێتە سەربەشەكانی، سێبەری تۆخ لەسەر دیوار و زەویەكە پەخشدەكاتەوە، بەلاّم ئەم سێبەرانە بریتین لە پانتایی تۆخی جـولاّو كـە لەگـەلّ گـۆڕان لـە جولاّنەوەكەیدا فۆڕم و حالّەتەكانیشی دەگۆڕێت، كاتێك پەڕەكانی دەكەونە

سەریەکدی یان کاتێك کە پەڕەکەکانی دەکرێنەوەو بۆشایی لە نێوەڕاستی سێبەرە جولاّوەکە جێدەهێڵێت. بیرۆکەکەش لێرەدا ئەوەیە کە تەجرید هەر بەتەنیا لەنێوفۆڕمی نەبزۆکدانیە، بەڵکو لە شوێنەواری فۆڕمە جولاّو و هەمیشە جولاّوەکانیشدا هەیە، کە بە کاریگەری سێبەر و جولاّنەوەکەی چەندین فۆڕم دروست دەکات.

جوانترین نموونەش ئەوەیەکە ئەم تەجریدە جولاّوە بەهۆی سێبەری گەڵای جولاّوەوە دروست دەبێت، کاتێك ڕوناکیەك دەکەوێتەسەر درەختەکە، واتە سێبەری گەڵا جولاّوەکان لەسەر زەویەکە دروست دەکات، بەڵام گەڵاکە بەشێوەی سروشتی بەدەرناکەوێت، کاتێك سێبەر دروست دەکات بەڵکو وەکو پانتایی دووبارە بوەوەی پڕ لە ریتم بەدەردەکەوێت، هەروەك ئەوەی کە لە نموونەی پەیکەرەکەی هونەرمەند(کالّدەر)دا دەیبینین (شێوەی 47)، ئەو هونەرمەندە ئەمریکیەی کە بەداهێنانی(پەیکەری هەڵواسراو-مۆبایل) بەناوبانگە، پەیکەری مۆبایل بریتیە لە پەڕەکەی جولاّو کە بەپێی ئاراستەی(با) حاڵەتەکانی دەگۆڕێت، ئەم هونەرە بریتیە لە کۆکردنەوەی نێوان هونەری پەیکەرسازی و نیگارکێشان.

کالّدەر هەڵدەسێت بەکاری هەڵواسین کە چەند لقێکی بەشێوەی درەخت لێکەوتۆتەوەو، هەرلقەو چەند پەڕەکەیەکی ئەلەمنیۆمی پێوەکردووە، هەندێك جار بەرەنگی جیاواز دایاندەپۆشێت. کاتێك سێبەری پەڕەکە هەڵواسراوەکان بە

جۆرەها شێوەی جیاواز دەکەوێتە سەر زەوی، ئەوا بەپێی جوڵانەوەکەی چەندین فۆرم لە جۆرەها پێکهاتەی جواندا لەگەڵ بۆشایدا دەخوڵقێنێت. بەشێوەیەکی بنەڕەتی دەرکەوتووە کە(کالدەر) ئامانجێکی زۆرگرنگتری هەیە: ئەویش ئەوەیە کە دەیەوێت شێوەی جوڵانەوەی هەسارەکانی نێو ئاسمان بگۆڕێت بەشتێك کە وەکو نیشانەیەك وابێت لە نێو هونەری نیگاری میناتۆریدا، بەمەیش بونیاتی میکانیکی ئامرازێکمان پێدەبەخشێت بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم ئامانجە. لە کۆتایدا دەبینین هەرچەندە کە ڕێبازی تەجریدی بەگشتی، هونەرمەندی لـە پاشکۆی ڕێساباوەکان و خۆبەستنەوەی بە خەسڵەتە ئەکادیمیەکان ڕزگارکردووە، بەڵام ئەم حاڵەتە لەسەر بەهرەمەندی خودی هونەرمەند و بیرتیژی و بوێری لە تێپەڕاندنی نادیار و دۆزینەوەیدا وەستاوە. لەم ڕوانگەیەوە تەجرید لـەلای هەریەك لە کاندنسکی و پۆل کلی و نائوم جابۆ و هنری مۆر... بەدەرکەوت. کە هێزێکی دیارو لەڕادەبەدەری هەیە و ئیزافەیەکی گەورەی خستەسەر هونەر لە سەدەی بیستەمدا.

# وێنەی شێوەکان



شێوەی (1) - ناپلیۆن سەرکەوتنی لەگەڵ خۆی هێناوە - ئەنتۆنیۆ کانۆڤا



شێوەی (2) - پۆلین بۆرجیزی - ئەنتۆنیۆ کانۆڤا



شێوەی (3) - پۆرترەیتی (ڤۆڵتێر) - جاك هۆدۆن



شێوەی (4) - پەیکەرێکی تەواوی (ڤۆڵتێر) - جاك هۆدۆن



شێوەی (5) - مارسیلیز - فرانسوا ڕۆد



شێوەی (6) - کوشتن - ئۆگست بریۆ



شێوەی (7) - تیسیاس لە زۆرانبازی کانتۆرسدا - ئەنتوان لویس باری



شێوەی (8) - پڵنگ و بزنە کێوی - ئەنتوان لویس باری



شێوەی (9) - سەما - چان کاریێۆ 1869



شێوەی (10) - ژنێکی دانیشتوو - پۆل دیبۆ



شێوەی (11) - گەڕانەوە لە نووسینگەی پۆستە -ئۆگستا ڕیڤالٽا



شێوەی (12) -ماچی نەنك -دامت



شێوەی (13) - بۆرجوازی کالیه - ڕۆدان



شێوەی (14) -ڕۆز (کڵاوی گوڵدار) -ڕۆدان



شێوەی (15) - پۆرترەیتی ڕۆز - ڕۆدان



شێوەی (16) - پیاوێك لە سەردەمی برۆنز - ڕۆدان



شێوەی (17) - کۆیلەی بەندکراو - مایکل ئەنجیلۆ



شێوەی (18) - بیرمەند - ڕۆدان



شێوەی (19) - ڕووبار - ئارستید مایۆل



شێوەی (20) - کڕنوشبەر - لیمبۆ



شێوەی (21) - ژنێکی دانیشتوو - ئارستید مایۆل



شێوەی (22) -ژنێکی ڕاوەستاو -ئارستید مایۆل



شێوەی (23) - سەرێك لە بەرد - مۆدیلیانی



شێوەی (24) - پیاو و ئەسپ - مارینۆ



شێوەی (25) - سوارچاک - مارینۆ



**شێوەی (26) - سەگ - جیاکۆمیتی**



**شێوەی (27) - پیاوێك لە کاتی ڕۆیشتندا - جیاکۆمیتی**



شێوەی (28) - ژنێکی ڕوتی پاڵکەوتوو - هێنری ماتیس



شێوەی (29) - ژنێکی ڕوتی دانیشتوو - هێنری ماتیس



شێوەی (30) - ژنێك لە شێوەی مار - هێنری ماتیس



شێوەی (31) - سەری ژنێك - بیكاسۆ



شێوەی (32) - ئەسپ - جۆرج براك



شێوەی (33) - سەری ئەسپێك - جۆرج برك



شێوەی (34) - جەستەی ژنێك - ئارشیینکۆ



شێوەی (35) -ژنێك لە کاتی ڕۆیشتندا - ئارشیینکۆ



شێوەی (36) - ژنێکی ڕاکشاو - هێنری لۆرانس



شێوەی (37) - پۆرترەیتی ژنێك - هێنری لۆرانس



شێوەی (38) - فۆرمی ناوازە لەنێو بۆشایدا - بۆتشیۆنی



شێوەی (39) - ژنێکی ڕاکشاو - هێنری مۆر



شێوەی (40) - کەسێکی ڕاکشاو - هێنری لۆرانس



شێوەی (41) - خێزان - هێنری مۆر



**شێوەی (42) - ماچ - برانکۆزی**



شێوەی (43) - خاتمی بۆجانی - برانکۆزی



شێوەی (44) -ئادەم و حەوا -برانکۆزی



شێوەی (45) - پێکهاتەیەکی هێڵ ئامێز -نائوم



شێوەی (46) - فۆڕمێکی ئەندازەیی - نائوم غابۆ



شێوەی (47) - پەڕەکەی کانزایی ڕەنگاڵەیی - ئەلکسەندەر کالدەر